١٠

# بنەما مێژوویی و فکرییەکانی دوانەیی «ڕەسمی» و «مەحەللی» لە ئێرانی هاوچەرخدا

مەعرووف کەعبی



**سپاس و پێزانین:**
بۆ ئامادەکاری و بڵاوکردنەی نوسخەی کوردیی
ئەم نامیلکەیە سپاســـی کەمال حەسەنپوور
و بەڕێوەبەرانـــی گۆڤـــاری تیشـــک دەکەم.

# بنەما مێژوویی و فکرییەکانی دوانەیی «ڕەسمی» و «مەحەللی» لە ئێرانی هاوچەرخدا

□

**مەعرووف کەعبی**

دوکتۆرای مێژوو، مامۆستای زانکۆی سەینت ئاندرووس، و توێژەر لە زانکۆی خوێندنگای ئابووریی لەندەن.

**لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی تیشک**

**٢٠٢٢ی زایینی**

# بنەما مێژوویی و فکرییەکانی
# دوانەیی «ڕەسمی» و «مەحەللی»
# لە ئێرانی هاوچەرخدا


**نووسین:**
**مەعرووف کەعبی**

**پێداچوونەوە:**
**کەماڵ حەسەنپوور**

**دیزاین:**
**ڕێبوار**

**١٠٠٠ بەرگ**

**لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی «تیشک»**
**ژمارە (١٠)**

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
www.govartishk.com



سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە بۆ گۆڤاری تیشک پارێزراوە.

## پوخته

ئەم نامیلکەیە سەرچاوەکانی دوانەیی ڕەسمی و مەحەللی لە ئێراندا دەداتە بەر باس و جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە ئەو دوانەییە، پێگەی فەرهەنگ و زمانەکانی دیکە لە ئێراندا دیاری دەکات. لە ژێر پاساوی مێژوویەکی دەوڵەمەندی ئەدەبی کە لە بەر پەیوەندی چڕوپڕی ئەو زمانە لە گەڵ دەسەڵاتدا بەدەست هاتوە، زمانی فارسی بوەتە خاوەن پێگەیەکی هێژمۆنیک لە ژێر ناوی «ڕەسمی» . لە لایەکی دیکەوە، ئەمە و هەروەها پاساوی پێویستیی زمانێکی هاوبەش، زمانەکانی دیکەی لە ژێر ناوی «مەحەللی» پۆلێن کردوە و پێگەیەکی نزمتری پێ داون. ڕەسمی و مەحەللی هەموو بوارەکانی فەرهەنگ لە ئێراندا دەگرێتە بەر و خۆی لە ناخی چەند ڕەوتی جۆربەجۆردا، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە سەری هەڵداوە. بەڵام سەردەمی دوای جەنگی جیهانیی دووهەم لە بەر ئەو ئاڵوگۆڕە مەزنانە لە بوارەکانی ئابووری-کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، فکری و تێکنۆلۆژیکی، گرینگییەکی زۆرتری پێ درا. دوانەیی ڕەسمی و مەحەللی لەو بەستێنەدا و بە یارمەتی ئامێرەکانی نوێی ڕاگەیاندن، پێگەیەکی هێژمۆنیک وەردەگرێت واتە بیرۆکەکانی دەسەڵات بە مەقبوولکردنی ئەو بیرۆکانە لە

ڕێــگای فەرهەنگییەوە دەبنە باو. ئــەم نامیلکەیە چوونییەتی ئەو ڕەوتە میژووییانە و ئاکامەکانی لەم بوارەدا باس دەکات.

## پێشەکی: پێویستیی و بنەماکانی ئەم توێژینەوە

لە ئێرانی فرەفەرهەنگیدا، زمانی فارسی بەردەوام وەک زمانی ڕەسمی و زمانەکانی دیکە وەک مەحەللی پێناسـه دەکرێن. ئەم دوانەییە بۆ بواری زمان بەرتەسک نەکراوەتەوە. بەڵکوو دیاردەیەکە کە لە هەموو بوارەکانی فەرهەنگدا خۆی پیشان دەدات. واژەگەلێک وەک «مۆسیقای مەحەللی» و «ڕەقسی مەحەللی» و بەهەمان شـێوە «زمانی ڕەسمی» و «دینی ڕەسمی» ئاماژە بە پەیوەندیی قووڵ و بەربڵاوی دیـاردەکان لە باری کۆمەڵایەتـی و پێگەی فەرهەنگییـەوە دەکەن. بۆ هەموو ئەوجۆرە بوارانەی ژیان، پێویسـت ناکات هەمیشە دەستەواژەیەک بەکار ببرێت. بـۆ وێنە، جۆرێک لە هونەر (هونەری فارسـیی زاڵ) وەک «هونەری ڕەسـمی» خۆی لە تێگەیشـتنەکان و پۆلێن‌کردنەکاندا جێ خستوە، بێ‌ئەوەی بە هونەری ڕەسـمی ناوی دەرکردبێت. بەڵام بەڕوونی دیارە کە لە تێگەیشتنی گشتی‌دا، بۆ نموونە، کردەوەی هونەریی هونەرمەندێکی کورد لە خوراسـان و هونەرێک کە لە ڕێگای فارسـییەکی پاراو و ناسراو لە ئێراندا پێشکەش دەکرێت، یەکجۆر چاو لێ ناکرێن. هونەری زاڵ خاوەن زاراوەیەکی زاڵی ئەو زمانەیە کە لە ناوەندی ئێراندا

قسەی پێ دەکرێت. دەستەواژەکانی ڕەسمی و مەحەللی بێلایەن یا ڕەنگدانەوەی ڕاستیی نین. بەڵکوو، بەوجۆرەی بۆردیۆ دەڵێ، سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان و بەردەوامکردنی ماناکانن کە بەرژەوەندیی تاقمێک یا چینێک لە کۆمەڵگادا دەپارێزن و ئەنجامی کاری بەرهەمهێنەرانی زانیاریی (وەکوو نووسەران) دیاریی دەکەن؛ دیارە بێ ئەوەی بەرهەمهێنەران هەمیشە بەشێکی ڕاستەوخۆی تاقم و چینی زاڵ بن.

توێژەرانی بواری زمانی کوردی تیشکیان خستوەتە سەر بابەتی زمانی فارسی وەک زمانی ڕەسمی و هەروەها لە سەر سیاسەتەکانی دەوڵەت بە درێژایی سەدەی بیستەم و پەراوێزخستنی زمانەکانی دیکە، وەک کوردی، لێکۆڵینەوەی زۆر و بەنرخیان پێشکەش کردوە. بەڵام وا دەردەکەوێت کە توێژینەوە لە سەر باوبوونی دیاردەکانی ڕەسمی و مەحەللی و ئەوەیکە ئەوانە وەک دوو چەمک کە تەنیا لە بەرامبەر یەکتردا مانا وەردەگرتن، لە ئاستی شیاوی خۆیدا نییە. خزمەتی ئەم وتارە بۆ ئەو توێژینەوانە ئەوەیە کە ڕەسمی و مەحەللی وەک دوانەییەک بناسێنێت و هەڵخرێنەری توێژینەوەی زۆرتر لەم بوارەدا بێت. لە چەند ساڵی ڕابردوودا و لە جەرگەری توێژینەوەی مێژوویی و فەرهەنگی لە سەر پێکهاتنی کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردەواری لە ئێراندا، بابەتی ڕەسمی و مەحەللی هەرچی زۆرتر سەرنجی ڕاکێشام. ئاکامی لێکۆڵینەوەکانم لە سەر ئەو بابەتە دواتر لە گۆڤارێکی ئاکادێمیک بە زمانی ئینگلیزی چاپ کرا.[1] پێش بڵاوبوونەوەی ئەو وتارە، ئاکامی لێکۆڵینەوەکان هەروەها لە سێ کۆبوونەوەی گشتی و جیاوازدا بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی بۆ ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەی وا زۆرتر بەو زمانانە دەدوێن، پێشکەش کران. ئەم نووسراوەیە لە سەر بنەمای ئەو لێکۆڵینەوە و کۆبوونەوانەوە دامەزراوە و هەروەها لە خوێندنەوە و تێڕامانی زۆرتر لە سەر ئەو بابەتە کەڵکی

1. Marouf Cabi, ‘‘The duality of ‘official’ and ‘local’ in modern Iran: historical and intellectual foundations,’’ *Middle Eastern Studies* 57, no. 5 (2021), 10.1080/00263206.2021.1891892.

وەرگرتوە.

دوانەیی ڕەســمی و مەحەللی دیاردەیەکی نوێیە و بەگشتی ئاکامی دوو ڕەوتی هاوکاتی نوێســازیی ئابووریی-کۆمەڵایەتی و یەکجۆرکردنــی فەرهەنگییە لە ئێرانی ســەدەی بیســتەمدا، ئەو دوانەییە بەتایبەت هەڵقولاوی سەردەمی «شۆڕشی سپی» دەیەکانی ۱۳۴۰ و ۱۳۵۰ی هەتاوییە (۱۹۶۰ و ۱۹۷۰). لە ڕاســتیدا، ئەنجامەکانی ڕاســتەوخۆی ئەو ڕەوت و ســەردەمانەن کــە وایان کرد ئەو دووانەییە لە یاســای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ۱۹۷۹/۱۳۵۷دا بە ئاشکرا جەختی لە سەر بکرێ. لەبەرئەوەی، قانوونی هەڵبژاردنی ۹ی سێپتامبری ۱۹۰۶ کە بە شوێن یەکەم یاســای بنەڕەتی ئێران لە کاتی ڕاپەڕینی مەشرووتەدا (۱۹۱۱-۱۹۰۶) پەسەند کرا، بە شــێوەیەکی ناڕوون داوا دەکات هەر کــەس بۆ مەجلیس (پاڕلمانی ئێران) خۆی بەربژێر دەکات، «دەبێ بتوانێ بە فارســی بدوێ و توانایی نووســین و خوێندنەوەی فارســی هەبێت (بڕگەی ۴)». ئەمە بە شــێوەیەکی **ناڕاســتەوخۆ** و لە پەناوە، زمانی فارســی وەک زمانی ڕەسمی ئێران دەناســاند. ماددەی ۱۹ی قانوونی تەواوکەر لە ساڵی ۱۹۰۷دا هەروەها داوای **خوێندنی** زۆرەملی (تحصیل اجباری) دەکات کە دیارە بە فارســی بوو. ئەو قانوونانەی کە بەدوای ئەمانــەدا هاتن، بۆ وێنە قانوونی ۱۹۵۷، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییان لەو بڕگانەدا پێک نەهێنا. بە پێچەوانە، یاســای بنەڕەتی ۱۳۵۷ بە **ئاشکرا** و ڕاستەوخۆ ڕایگەیاند کە زمانی فارسی زمانی ڕەسمییە و ناچاریش بوو کە مافی زمانەکانی دیکە بســەلمێنێت کە دیارە لەو یاسادا بە مەحەللی پێناسە کران.[1] پێگەی نوێی زمانی فارســی دەسکەوتی ڕەوتێک بوو کە پێگەی زمانەکان و تاقمە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی بــۆ ژێرفەرهەنگ دابەزاند. لە لایەکی دیکەوە، ئەو ڕەوتە زمانی فارســی وەک زمانی «ڕەسمی» واتە سەروەر و زمانەکانی دیکەی وەک «مەحەللی» واتە خوارتر جێ خست. ئامانجی ئەم وتارە ئەوەیە کە تیشک بخاتە سەر ئەو ڕەوتە.

---

۱. بۆ قانوونەکان بڕوانە:

https://irandataportal.syr.edu/constitutions-and-constitutional-debates

ئەم توێژینەوەیە لە ســـەر دوو خاڵی ســـەرەکی پێ دادەگرێ. یەکەم ئەوەیە کە دەستەواژەکانی«ڕەســـمی» و «مەحەللی» کە لە ئێراندا بـــە کار دەبرێن، دەبێ وەک بەشـــەکانی دوانەییەک چاو لێ بکرێن. مەبەســـت لە دوانەیـــی چییە؟ دوانەیی مانا دەخولقێنێت و لە ناخی پێکهاتێکی نیشانەیی یا سەمبۆلیک (وەکوو فەرهەنگ، دین، هونەر، ئوســـتوورە...) پێک دێت و خۆی وەک سیستەمێکی پۆلێن‌کراو دەناسێنێت.[١] بـــۆ وێنە ڕەنگەکانی ڕەش و ســـپی، جیا لە یەکتر مانایەکـــی ئەوتۆیان نییە. بەڵام کاتێک شـــاعیر دەڵێ «کۆتایی شـــەوی ڕەش، ســـپییە»، ئەو دوو واژە دەبنە چەمک و لایەنەکانـــی دوانەییەک پێک دەهێنن و هەر کامەیـــان نوێنەرایەتی دیاردەیەکی دیاریکراو دەکەن. واژەی مەحەللی لە زووەوە لە ناو خەڵکی ناوچەکە و لە ئێرانیشدا بە مانای دیاردەیەکی ناوچەیی یا بۆ گەڕەکی شـــارێک بەکار هاتوە. واژەی ڕەســـمی دیاردەی ســـەردەمی هاوچەرخە. بەکارهێنانی ئاشـــکرای ئەو دوو دەســـتەواژەیە لە بەرامبـــەر یەکتر لە ئێراندا، دەگەڕێتەوە بۆ ســـەردەمی دوای جەنگی دووهەم. وەک دیاردەیەکی ســـەردەمی هاوچەرخ، چەمکی «ڕەســـمی» بۆ ئەوە نییە کە کۆمەڵگای چەندزمانە پێویستی بە زمانێکی هاوبەش هەیە بۆ ئەوەی تاکەکان لە یەکتر تێبگەن. ئەمـــە هێنانەخـــوارەوەی دەوری زمانە وەک ئامرازێک بـــۆ گوازتنەوەی جۆرێک لە جیهان‌بینـــی و بایەخـــان لە نێوان مرۆڤەکانـــدا. لە درێژەی ئەو ڕەوتـــەدا، ئەو دوو دەســـتەواژە بوونە مەفهووم یـــان چەمک، واتە هەر کامەیـــان نوێنەرایەتی بۆچوون و دیاردەیەکیـــان دەکرد. یەکیان هاوچەرختر و ئـــەوی دیکە نوێنەرایەتی کۆنەپارێز (سوننەتیی)ی دەکرد.

خاڵی دووهەم ســـەبارەت بە هێژمۆنیی فەرهەنگیی زمان و فەرهەنگی فارســـی بە گشـــتی و دوانەیی ڕەســـمی و مەحەللییە. لێرەدا مەبەســـت لە هێژمۆنی چییە؟ هێژمۆنـــی بە مانـــای بەردەوام‌کردنی دەســـەڵاتە لە ڕێگای ڕاکێشـــانی ڕەزامەندیی

---

١. لە سەر مانای دوانەیی بڕوانە:
David Swartz, Culture and Power: the Sociology of Pierre Bourdieu [Culture and Power] (Chicago: University of Chicago, 1997).

خۆبەخشـــانەی تاک و کۆمەڵـــگا و بێ بەکارهێنانی زەبر و زەنـــگ. واتە بێ ئەوەی کەســـێک ئێمە مەجبوور بکات، بیرۆکەیەک و بۆچوونێک وەک ڕاستیی وەردەگرین و دووپاتی دەکەینەوە. هێژمۆنی بەم مانایە لە کارەکانی گرامشـــیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەو ڕاســـتییەی کە فەرهەنگ و زمانەکانی دیکە لە ئێـــران، ئەو دوانەییەیان قبووڵ کردوە، ئاماژە بە هێژمۆنی فەرهەنگیی دەکات. لە لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخ ســـەبارەت بە هەڵوێســـتی دانیشتوانی شاری کوردنشـــینی ئیلام لە سەر زمانی کوردی کە لەم دواییانەدا بلاو کرایەوە، توێژەران بەو ئاکامە دەگەن کە ئەو کەســـانەی وتووێژیان لە گەڵ کراوە «لە نێوان بایەخەکانی زمانی کوردی وەک کەلەپوور و **زمانی فارسی وەک ڕەســـمی و بەپێگەی بەرزەوە، مابوونەوە**» (جەخت لە منەوە).[1] ئەمە ئەو قبووڵکردنە خۆبەخەشانەیە کە لێرەدا باس دەکرێت. دیارە وەستانەوە و بەرگریی دایيمە بەشێک لە ڕەوتی مێژووییە و لە ڕاســـتیدا پێگەی هێژمۆنیک لە کێبڕکێ لە گەڵ بەرگرییدا، هەمووجارێـــک گۆڕانـــکاری لە خۆیـــدا پێک دەهێنێت بۆ ئـــەوەی پێگەکەی خۆی بپارێزێت. لە ئێســـتادا، وەســـتانەوە گەلێک زیاترە و بزووتنەوە و کەسایەتییەکان لە ئێراندا خوازیاری مافی زۆرتر بۆ زمانەکانی دیکەن. هێژمۆنی، بژارەی ســـەرکوت وەلا نانێت؛ مەرزەکانی نێوان ڕەزامەندی و ســـەرکوت بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدان. لە لایەکی دیکەوە، توندوتیژیی سەمبۆلیک هەیە. واتە کاتێک وتە یا دەقێک خەڵکان و کەسان و زمانەکانـــی دیکە لادەدا یا بێدەنگیی دادەســـەپێنێت، توندوتیژیی ســـەمبۆلیکی بەرامبەر ئەوانە بەکار بردوە.

بۆ ئەوەی ئیدیعاکان لە دەور ئەو دوو خاڵەدا بســـەلمێت، ئەم نووســـراوەیە ئەو ڕەوتە شیی دەکاتەوە کە لە ناخیدا ئەو دوانەییە سەری هەڵدا و پێگەی فەرهەنگیی تاقمـــە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێرانـــی هاوچەرخدا دیاری کرد. ئەم باســـە دەکرێ و دەبێ ســـەبارەت بـــە هەر کام لە فەرهەنـــگ و زمانەکانی جێگیر لـــە ئێران کە بە

1. Saeed Rezaei and Ava Bahrami, ‘‘Attitudes toward Kurdish in the City of Ilam in Iran,’’ in The Sociolinguistics of Iran’s Languages at Home and Abroad, ed. Seyed Hadi Mirvahedi (Cham, Switzerland: Palgrave, 2019), Ch. 4.

مەحەللی ناســـراون، شوێن بگیرێت. بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە باسەکەی لە پەیوەندی لە گەڵ زمان و فەرهەنگی کوردیدا دەباتە پێشـــەوە. نووسراوەکە لە لێکۆڵینەوەیەکی گشـــتی سەردەمی ڕەزا شا (١٩٤١-١٩٢٥) دەســـت پێ دەکات کە بە درێژایی ئەو ماوەدا زمانی فارســـی وەک زمانی نەتەوەیی ئێران پێناســـە دەکرا. دواتر باســـەکە ڕوو دەکاتـــە ســـەردەمی دوای شـــەڕی دووهەمی جیهانی هەتا ســـاڵەکانی دەیەی ١٩٧٠/١٣٥٠ کـــە لە ناخیدا ئەم دوانەییە قەوارەی گرت و زمانی فارســـی ئەمجارە وەک زمانی ڕەسمی پێناسە کرایەوە.[١] هۆکارەکانی ئەو دووبارە پێناسەکردنەوە بریتی بوون لە نوێســـازیی دەوڵەتی و گۆڕانکاریـــی کۆمەڵایەتی کە بوونە هۆی گۆڕانکاریی بنەڕەتـــی و بێوێنە لە بـــواری کۆمەڵایەتی-ئابووریی، فەرهەنگـــی و تەکنۆلۆژییەوە. لـــە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییانەدایە کە زمانی فارســـی پێگەیەکی هێژمۆنێک لە بواری فەرهەنگدا بەدەســـت دەهێنێت. بەمجۆرە، ئەو زمانە ئیتر تەنها کەرەســـتەیەک نییە کە پشتئەســـتوور بێت بە دەوڵەت یا ئامرازی ڕاگەیاندن لە وڵاتێکی چەندزمانە بۆ تێگەیشـــتنی مرۆڤەکان لە یەکتر. ئەو ڕەوتە لە ژێر تیشکی ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە و لە بەستێنی نوێســـازیی ئێراندا تاوتوێ دەکرێت. سەرچاوەکان بریتین لەو گۆڤارە ئەدەبیی و ڕووناکبیریی و پەروەردەیی (ئاموزشی) و نووسراوەکانی دیکە کە لە نێوان ســـاڵەکانی ١٩٢٠ و ١٩٧٩دا بەردەوام بڵاو کراونەتـــەوە. بلاوکراوەکان دەریدەخەن چلۆن و بۆچی لە پێشـــدا زمانی فارسی وەک زمانی نەتەوەیی و دواجار وەک زمانی ڕەسمی پێناسە کرا و لە هەمان کاتدا پێگەیەکی هێژمۆنیکی بەدەست هێنا. ئەمەش بێ ئەوەی بە ئاشـــکرا زمانەکان و ئەدەبیاتی دیکە  وەک خوارتر لە فارســـی پێناسە بکرێن. سەرچاوەکانی دیکە بریتین لە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی مێژوویی سەبارەت بە

١. بۆ وێنە بڕوانە:

تعلیم و تربیت (١٣١٧-١٣٠۴، دواجار ناوی گۆڕدرا بۆ آموزش و پرورش)؛ آموزش و پرورش (١٣٥٧-١٣١٧)؛ آینده (١٣٥٦-١٣٠۴)؛ بررسی‌های تاریخی (١٣٥٠-١٣۴٥)؛ بنیاد نیکوکاری (زستانی ١٣٥٢)؛ گوهر (سالەکانی دەیەی ١٣٥٠)؛ نشریه ادبیات دانشکده ادبیات تبریز (١٣٥٧-١٣۴٠)؛ نشریه ادبیات دانشکده ادبیات تهران (١٣٥٧-١٣۴٠)؛ نشریه ادبیات دانشکده ادبیات مشهد (١٣٥٧-١٣۴٠)؛ راهنمای کتاب (سالەکانی دەیەی ١٣۴٠ و دەیەی ١٣٥٠)؛ سخن (ساڵەکانی دەیەی ١٣۴٠ و دەیەی ١٣٥٠).

پێشینەی مێژوویی پێک هاتنی ئێرانی هاوچەرخ.[١] بۆ ئەوەی هێنانەوەی سەرچاوە و بەڵگەکان بەرپرسانەتر بێت، لە هەر دووساڵی هەتاویی و زایینی کەڵک وەرگیراوە و ژمارەیەک لە وتەکان هەر بە زمانەکەی خۆیان (فارسی) هێنراونەتەوە. هەروەها سەرچاوەکان بەو زمانەی کە نوسروان، ئاماژەیان پێ دەکرێت.

لێرەدا دەبێ چەند خاڵ ڕوون بکرێتەوە. ڕوانگەی ئەم تویژینەوەیە زمانناسیی نییە. ئەگەرچی هەموو بوارەکان پەیوەندییەکی چڕوپڕیان لە گەڵ یەکتر هەیە. ئەمە توێژینەوەیەکی فەرهەنگی و مێژووییە. (١) لێکۆڵینەوەیەکی فەرهەنگییە بەو مانایە کە ئاماژە بەو ڕەوتانە دەکات کە باوەڕێک لە کۆمەڵگادا جێ دەخەن و دەیکەنە باو. پێکهاتنی دەوڵەتی نوێی ئێران تەنها ڕەوتێک بۆ دامەزراندنی دامەزراوەی بینراو وەک ئەرتەش، شارەوانی، دادگای نوێ، خوێندنگە، فڕۆکەخانە و پاسپۆرت نەبوو ـ ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەت ناتوانێت تەنها وەها ڕەوتێک بێت.[٢] بەڵکوو هەروەها ڕەوتێکی فەرهەنگی بوو لە پێناو باوکردن و جێخستنی بیرۆکەکانی پاڵپشتی وەها ڕەوتێک. بۆ نموونە جێخستنی خوێندنی نوێ، وەک ڕەوتێکی حەیاتی بۆ جیخستنی ڕەوایی دەوڵەت و سیستەمێکی دیاریکراو لە مانا و بایەخەکان؛ یا بەکارهێنانی چڕوپڕی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نووسین، دەنگ و (دواتر) وێنە. (٢) مێژووش هەروەها بۆ زمان زۆر گرینگە. سەرنج بدەن ئەوە بە ئاماژە بە پێشینەی زمانی فارسییەوەیە کە داییمە دەوڵەمەندبوونی ئەو زمانە دەسەلمێنرێت. بەڵام ئامانجی توێژینەوەی مێژوویی دەبێ چی بیت؟ ئێمە دەبێ بەدوای دۆزینەوەی ژیریی و ڕێگا

١. بروانە:
Touraj Atabaki, ed., Iran in the 20th Century: Historiography and Political Culture (London: I. B. Tauris, 2009); Mohamad Tavakoli-Targhi, "Historiography and Crafting Iranian National Identity," in Iran in the 20th Century: Historiography and Political Culture, ed. Touraj Atabaki (London: I. B. Tauris, 2009); Abbas Amanat, Iran: A Modern History (New Haven: Yale University Press, 2017); Stephanie Cronin, ed., The Making of Modern Iran: State and Society Under Reza Shah, 1921-1941 (London: Routledge, 2003); Touraj Atabaki and Erik J. Zürcher, Men of Order: Athoritarian Modernization under Atatürk and Reza Shah (2000)

٢. بروانە چەند لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخ:
Kamran Scot Aghaie and Afshin Marashi, eds., Rethinking Iranian Nationalism and Modernity (Austin: University of Texa, 2015).

چارە بۆ چارەســـەر کردنی گرفتەکانی ئەمڕۆ بیـــن. ئەمە تەنها پەیوەندیی بە زمانی فارســـییەوە نییە. بەڵکوو، بۆ وێنە، دەتوانین لـــە پەیوەندی لە گەڵ زمانی کوردیی سۆرانیشـــدا باسی لێ بکەین. کەسانێک لایەنگری بەئیســـتانداردکردنی سۆرانی و کەسانێک لایەنگری ڕەخساندنی ئەو هەلومەرجانەن کە تێیدا گەشەی هەموو زمان و زاراوە کوردییەکان مســـۆگەر بکرێت. لە هەمان کاتـــدا، ڕەخنە لە پێگەی زمانی فارســـی لە پێناو دابەزاندنی ئەو زمانە و کەمکردنەوەی گرینگیی ئەو نییە. ڕەوشتی دابەزێنـــەر دەتوانێ ئاکامی زۆر خـــراپ و قەرەبوو نەکراوی بەدواوە بێت. بۆ وێنە لە سەردەمی چەندزمانیی سەدەکانی پێشوو، زمانەکانی فارسی و عەرەبی هەڵخڕینەری مشـــتومڕی فکریی لە نیوان هیند و ئورووپای ئەو کات بوون. لە گەڵ زمانەکانی دیکـــە وەک ئۆردوو و سانســـکریت، هەموویان خاوەن سیســـتەمێکی جێکەوتووی فێربـــوون بوون بۆ خۆیـــان. کاتێک زمانێک دەردەکەوت، خـــۆی بەناوەند نەدەکرد بەڵکـــوو لە پەنای ئەوانی دیکـــە جێگیر دەبوو. بەڵام کاتێـــک زمانی ئینگلیزی لە ســـەدەی هەژدەهەمەوە بوو بە سیستەمێکی بەناوەند و وردە وردە سێبەری خستە ســـەر هەموویان، ئەو مێژووە ڕووناکبیرانەیـــە و دابونەریتە زمانییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە بیری گشـــتیدا سڕانەوە.[١] کەوابوو، ئامانج دەبێ هەڵکشانی زمانەکانی دیکەی پەراوێزخراو بێت.

ئـــەو لێکۆڵینەوە مێژوویی و سیاســـی و فەرهەنگییانەی لە ســـەر کورد لە ئێران کـــراون، لە زۆر لایەنەوە خاوەن تێگەیشـــتنی بەنرخن.[٢] ژمارەیەک لەوانە بەتایبەتی باسی میرنشینە کوردییەکان لە پەیوەندی لە گەڵ زمان دەکەن و سیاسەتی زمانیی

١. بڕوانە:
M. Sridhar and Sunita Mishra, eds., Language Policy and Education in India: Documents, contexts and debates (London: Routledge, 2017), 59-61.

٢. بڕوانە:
Abbas Vali, Kurds and the State in Iran (London: I. B. Tauris, 2011); Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985 (San Francisco: Mellen Press, 1992); Farideh Koohi-Kamali, The Political Development of Kurds in Iran (New York: Palgrave, 2003).

دەوڵەتانی نوێ شیی دەکەنەوە.[١] ئەمانە هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانە دەگرنەوە کە سەرنج دەدەنە چاکسازیی زمان و پەروەردە، بۆ وێنە، لە ئێران و تورکیا.[٢] لە دوو دەیەی ڕابردوو دا، ژمارەیەک توێژینەوەی دیکە سەبارەت بە زمان، میدیا و جنسیەتی کۆمەڵایەتی دەرکەوتن.[٣] زۆربەی ئەو توێژینەوانە بوونەتە سەرچاوە لە بواری زمانی کوردی، چاکسازیی زمان و بابەتی زمانی فارسی وەک زمانی ڕەسمی. لە لایەکی دیکەوە، توێژینەوە سەبارەت بە کەمایەتییە قەومییەکان لە ئێراندا و پرسی مافی زمان زۆرتر بوە.[٤] بۆ وێنە، لێکۆڵینەوەیەک لەم دواییانەدا لە ژێر ناوی **کەمایەتییەکان لە ئێران**، بە باشی (ئەو) گوتارانە شیی دەکاتەوە کە لە مەڕ پرسی کەمینەکان لە ئێراندا لە ئارادان. ئەم وتارە لە چەند جێگادا دەبێتە خاوەن خاڵی هاوبەش لە گەڵ توێژینەوەی ناوبراو دا. بۆ وێنە ئەو باسی بەنەتەوایەتی کردنی زمانی فارسی لە سەردەمی ڕەزا شادا دەکات؛[5] و دواجار ئاماژە بە دیاردەی خۆماڵگەرێتی (بوومیگەرایی) و ڕووناکبیرانی دیکەی ئێرانی لە سەردەمی دوای شەڕی جیهانیی دووهەم دەکات کە زمانە مەحەللی

١. بڕوانە:
Hassanpour, Nationalism and Language; Amir Hassanpour, Tove Skutnabb-Kangas, and Michael Chyet, "The Non-Education of Kurds: A Kurdish Perspective," International Review of Education 42, no. 4 (1996).

٢. بڕوانە:
Mehrdad Kia, "Persian Nationalism and the Campaign for Language Purification," Middle Eastern Studies 34, no. 2 (1998); Afshin Marashi, Nationalizing Iran: Culture, Power and the State (Seattle, London: University of Washington Press, 2008)
R. John Perry, "Language Reform in Turkey and Iran," International Journal of Middle East Studies 17, no. 3 (Aug., 1985); Farzin Vejdani, Making History in Iran: Education, Nationalism, and Print Culture (Stanford, California: Stanford University Press, 2014).

٣. بڕوانە:
Amir Hassanpour, "The Creation of Kurdish Media Culture," in Kurdish Culture And Identity, ed. Philip Kreyenbroek and Christine Allison (London: Zed Books, 1996); Shahrzad Mojab, ed., Women of Non-State Nation: The Kurds (Costa Mesa: Mazda Publishers, 2001); Jaffer Sheyholislami, "Language Varieties of the Kurds," in The Kurds: History - Religion - Language - Politics, ed. Wolfgang Taucher (Austria: Austrian Federal Ministry of the Interio, 2015); Jaffer Sheyholislami, "Kurdish In Iran: A Case of Restricted and Controlled Tolerance," International Journal of the Sociology of Language, no. 217 (Jan. 2012)

٤. بڕوانە:
Rasmus Christian Elling, Minorities In Iran: Nationalism And Ethnicity After Khomeini (Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2013); Mehrzad Boroujerdi, "Contesting Nationalist Constructions of Iranian Identity," Critique, no. 12 (March 1998).

5. Elling, Minorities In Iran, 128–31.

یا ناوچەییەکانیان زەق دەکردەوە. بەڵام لە توێژینەوەکەی ئەودا باســـی ئەو هۆکارانە ناکرێت کە زمانی فارسیان کردە زمانی ڕەسمی.[١]

لە پەنای توێژینەوەکانی دیکەدا، ئەم وتارە تیشک دەخاتە سەر بەستێنی مێژوویی ئەو ساڵانەی دوای جەنگی دووهەم واتە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە بواری تەکنۆلۆژی و فەرهەنگ دا، تا کوو ئەو هۆکارانە دەست نیشان بکات کە ڕووناکبیرانی لایەنگری بەخۆماڵی‌کردنی هاندا تا جەخت لە ســـەر زمانە مەحەللییەکان بکەن. بە هەمان ڕادە گرینگ، بەرخۆدانی فەرهەنگی کوردی و دەوری چالاکوانان و کەسایەتی ئەدەبیی کوردی زۆر گرینگ بوو بۆ ئەوەی بەرگریی لەوە بکات کە زمانی فارســـی وەک زمانی نەتەوەیی نەناسرێت و هەوڵ بدرێـــت گرینگی بە زمانەکانی دیکە بدرێـــت. بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە، کەمتر لە ڕوانگەی دەوڵەت و سیاسەتە سەرکوتکەرانەکانی دەڕوانێتە باسەکە و هەوڵی ئەوەیە پیشانی بدات کە چۆن بوو بیرۆکەی زمانی فارســـی وەک زمانی ســـەروەر پێگەی هێژمۆنیکی چنگ خست و لە هەمان کاتدا بیرۆکەی سەروەربوون، زەمانەتی پێگەی ئەو زمانە وەک زمانی ڕەســـمی دەکات. بۆ ئەم مەبەستە، لێرەدا دەوری پێکهێنەرانی دەوڵەت، بۆ وێنە ئەوانەی ســـەردەمی ڕەزا شـــا، نادەینە بەر باس و لە جیاتی ئەوە، ســـەرنجی بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە لە ڕەوتی فەرهەنگیی پێکهێنانی دەوڵەتی هاوچەرخ دەدرێت.

بە درێژایی وتارەکە، گەلێک بۆچوون لە لێکۆڵینەوە فەرهەنگییەکان کە ئەم وتارە پشـــتی پێیان بەســـتوە، خۆیان دەردەخەن. بەکارهێنانی ئەو بۆچوون و تیۆرییانە بە هەڵکەوت نییە بەڵکوو پێویســـتە تا بتوانم پیشـــانی بدەم کە ئەو بیرۆکانەی لە دەور ڕەســـمی و مەحەللی خول دەخۆن، بەشـــگەلێکی جیانەکراوەی دوانەییەکی خاوەن دەســـەڵاتن.[٢] لەلایەکی دیکەوە، پێکدادانی فەرهەنگیی لـــە نێوان فەرهەنگەکان لە

---

1. Ibid., 132.

ئەم کتیبە بە گشتی بەرهەمێکی باشە، بەڵام مێژوویەکی ناتەواو لە سەردەمی ڕەزا شاوە باس دەکات. بۆ وێنە بڕوانە لاپەڕەی ٣٥.

٢. بڕوانە:

Pierre Bourdieu, Language and Symbolic Power (Cambridge: Polity Press, 1991); Swartz, Culture and Power.Raymond Williams, “From Base and Superstructure in Marxist Cultural Theory,” in New Historicism and Cultural Materialism: A Reader, ed. Kiernan Ryan (London: Arnold, 1996).

ئێران دا، کە خاوەن پەیوەندییەکی کۆن لە گەڵ یەکترن، لە سەردەمی هاوچەرخدا لە ڕێگای ســـەروەریی یەکێک لەوانە لە ڕێگای هێژمۆنی فەرهەنگییەوە مسۆگەر کرا و دەکرێت. ئەمە ئەو بەستێنە گەورەترەیە کە تێیدا دوانەیی ڕەسمی و مەحەللی لە ئێرانی هاوچەرخدا درێژە بە ژیان دەدا.

پێویستە ئەوەش بوترێت کە ئەم وتارە سەرنجی ئەو ڕەخنە فەرهەنگییانەش دەدات کە بەدوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا لە ئێراندا سەریان هەڵدا. بۆ وێنە، پێشڕەوانی بوومی‌گەرایی وەکوو ئەحمەد فەردید و فەخرەددین شادمان، پێکهێنەرانی بنەڕەتی بیرۆکەی «غەرب‌گرتوویی» بوون کە دواتر بە جۆرێکی نابەرپرسانەوە لە لایەن جەلال ئالـــی ئەحمەد لە ژێر هەمان نـــاو (غربزدگی) فرمووله کـــرا.[1] هەروەکوو دواتر باس دەکرێت، بەرخۆدانی فەرهەنگیی بوومی‌گەرایی، لە سەر زمانە مەحەللییەکان جەختی دەکرد بۆ ئەوەی «فەرهەنگی پاراو» بپارێزێت. هەروەها، بەتایبەت کارەکانی کەسانێک وەک ڕەزا بەراهەنی ڕێگەچارەیەکی پەروەردەیی بۆ فرەزمانی ئێران پیشکەش دەکەن کە لەســـەر دوانەیی ڕەسمی و مەحەللی دامەزراوە. لە هەمان‌کاتدا، گۆڕانکارییەکانی خێـــرای کۆمەڵگای کـــوردەواری، حەزی ئەو کۆمەڵگایەی بۆ باشـــترکردنی پێگەی فەرهەنگی خۆی گەشە پێدا و ئەمە لە کارەکانی سوارە ئیلخانیزادە (١٣٥٤-١٣١٦) دا دەردەکەوێت، کە شـــێعرەکانی بۆچوونێکی ڕەشـــبینانە بەرامبەر بە ئاڵوگۆڕەکانی ســـەردەمی خۆی دەنوێنن (هەر بەوجۆرەی فروغ فەڕۆخزاد دەیڕوانییە ســـەردەمی خـــۆی) و هاوکات هاندەری ئەدەبیاتی کوردی لە ڕێگای بەرنامە کوردییەکانی ڕادیۆ تاران و کرماشـــان بوو. لە لایەکی دیکە، ڕەخنەی فەرهەنگیی کەسی وەک ئەحمەد موفتی‌زادە هەبوو کە جۆرێک بوومی‌گەرایی کوردیی نوێنەرایەتی دەکرد.

لە کۆتایی ئەم بەشـــەدا، دەبێ بوترێ کە ڕەچەڵەکی پێکهاتەکانی ئەمڕۆی ئێران بەجۆرێک دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای جەنگی دووهەمی جیهانی و هەروەها ئەو

١. بۆ زانیاریی زۆرتر لە سەر ئەو ڕووناکبیرانە، بڕوانە:
Mehrzad Boroujerdi, Iranian Intellectuals and the West: The Tormented Triumph of Nativism (Syracuse: Syracuse University Press, 1996); Ali Mirsepassi, Political Islam, Iran, and the Enlightenment (Cambridge: Cambridge University Press, 2011).

ســـاڵانەی وا بە «شۆڕشی سپی» دەناسرێن. ئەمە تەنانەت بەستێنێکی جیهانی هەیە و ئەو وتە بۆ هەموو وڵاتەکانی دونیا ڕاستە.[١] ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە، دیاردەی ڕەســـمی/مەحەللی ئاوارتە نییە. ئاکامی وەها بەستێنێکە. پرسیار ئەوەیە کە لە چ ڕێگایەکەوە فارسی پێگەی هێژمۆنیکی بەدەست هێنا؟ ئەمە ئامانج و مەبەستی ئەم وتارەیە.

---

١. بڕوانە:
Stephanie Cronin, Social Histories of Iran: Modernism and Marginality in the Middle East (Cambridge: Cambridge University Press, 2021) Duco Hellema, The Global 1970s: Radicalism, Reform, and Crisis (New York: Routledge, 2019).

# زمان و دەسەڵات

بەتایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە کێشمەکێشی فکریی لە سەر بابەتی زمانەکان لە ئێراندا پەرەی ئەستاندوە، پرسیارگەلێکی سەرنج ڕاکێش بەردەوام دووپات دەبنەوە: **چۆنە کە زمانی فارسی لە پێشدا وەک زمانی نەتەوەیی و دواجار وەک زمانی ڕەسمی لە ئێراندا دیاریی کرا و بوو بە تەنها زمان لە بواری خوێندن و ئیداریدا؟** زۆربەی ئەو جوابانەی وا بە قازانجی زمانی فارسی دەدرێنەوە، لە دەور توانایی ئەدەبی و دەوڵەمەندبوونی ئەو زمانە خول دەخۆن.[1] بەڵام لە ڕوانگای ئەم وتارەوە، هۆکاری یەکەم ناتوانێت توانایی ئەدەبی یا دەوڵەمەندبوونی ئەو زمانە بێت. ئەگینا چۆنە کە بە درێژایی سەدەی بیستەم، زمانی فارسی پێویستی بە پەرەپێدانی تواناییەکانی خۆی بوو تا بتوانێت وەڵامدەری پێویستییەکانی دەوڵەتی نوێ بێت؛ بۆ نموونە لە بواری بەرهەمهێنانی وشەنامەکان لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا. پرسیارەکە دەبێ بەجۆرێکی دیکە باس بکرێت: **چۆن بوو کە زمانی فارسی وەها**

---

١. بۆ وێنە بڕوانە:
پرگار بی‌بی‌سی فارسی: «زبان فارسی چطور در ایران غلبه یافت؟»،
https://www.youtube.com/watch?v=Cakc-wio3Ls.

**پێگەیەکـــی بەرزی ئەدەبی بە درێژایی مێژوو بەدەســـت هێنا؟** بـــۆ جوابدانەوە بەو پرسیارە، دەبێ بڕوانینە پەیوەندی چڕوپڕی زمان و دەسەڵات، بە تایبەت لە سەدەی دەی زایینیـــی بەملاوە. لێـــرەدا مەجالی نییە کە بە وردیی ئـــەو مێژووە بدرێتە بەر بـــاس. بەڵام گەشـــەی بێوێنەی ئەو زمانـــە لە بەر کارتێکردنـــی توانایی ئیداری و توانـــی ئەدەبی ئەو زمانە بە درێژایـــی مێژوویەکی دیاریکراودا ڕووی دا. واتە پێگەی ئێستای زمانی فارسی دەرەنجامی توانایی ئەدەبیی و دیوانیی (ئیداریی) ئەو زمانەیە. مێژووزانانـــی بواری مێژووی ئێـــران ئاماژە بە پەیوەندی نزیکی زمان و دەســـەڵات دەکەن و هۆکارگەلێک وەک ســـەرهەڵدانی بنەماڵە ئێرانییەکان بە دوای لاوازبوونی خەلافەتی عەبباسی زەق دەکەنەوە. یەکێکی دیکە لەو بوارانەی وا ئەوان ئاماژەی پێ دەکەن، «ڕێنێسانســـی فەرهەنگیی زمانی فارسی»یە لە سەردەمی ئیمپراتوورییەکانی عوسمانی و ئێرانی (ســـەفەویی و قاجار) و گورکانی هێند.[1] بەمانە دەکرێ هەروەها بوارەکانی دیکەی وەک ئەدەبیی و ئایینی و نەریتی مێژوونووسین زیاد بکەین. بواری ئابووریی و گەشـــەی بازرگانی بەهەمـــان ڕادە گرینگن، چوونکوو لە ڕێگای بازرگانی (کە بەردەوام لە هاتوچۆ و لـــە ئاڵوگۆڕدایە) بەرهەمە فەرهەنگییەکان بۆ ناوچەکانی دیکە دەگوازرێنەوە. لە هەمان کاتدا، بزووتنەوە ئایینی (تەســـەوف) و ئەدەبییەکانی دیکە بە درێژایی ئەو سەدانە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (واتە دەسەڵاتی نەبینراو) بۆ ئەو زمانەیان شکڵ پێدا. هەر لە ڕوانگەیەکی بەمجۆرەوەیە کە دەبێ بڕوانینە زمانی کوردی و پێگەی ئەو لە پەیوەندی لە گەڵ دەسەڵاتدا شیی بکەینەوە. پێگەی لاوازی ئـــەو زمانە لە ڕەوتـــی پێکهێنان و لە درێژەی ژیانی دەوڵەتـــی هاوچەرخدا، ئاکامی هەژاربوونی ئەدەبیی نییە. میرنشـــینە سۆرانیزمانەکان بوونە هۆی گەشەی سۆرانی[2] و میرنشینی ئەردەڵان زمانی گۆرانی و شاهنامەی کوردیی (بەو جۆرە چەمەنئارا لە

---

١. بڕوانە:
Amanat, Iran, 1-29; Ehsan Yarshater, Hekmate Tamadoni [Civilisational Wisdom: Ehsan Yarshater's Selected Works], ed. Mohammad Tavakoli-Tarqi (Toronto: Iran Namag, 2016), 470.
2. Hassanpour, Nationalism and Language.

کتێبەکەیدا باســـی دەکات)[1] پەرە پـــێ دەدات. زمانی کوردی ئەو کاتە پێگەی لاواز دەبێت کە لە سەردەمی هاوچەرخدا پەیوەندی خۆی لە گەڵ دەسەڵاتە کوردییەکان لە کیس دەدات و وەک «کەمایەتی قەومی» پێناسە دەکرێت.

کەوابوو، نەک هۆکاری دەوڵەمەندبوونی زمان فارسی (کە بێ گومان دەوڵەمەندە)، بەڵکوو پێشینەی هەڵسوکەوت لە گەڵ دەسەڵاتە کە وا دەکات ئەو زمانە بە گەشەی بیرۆکەکانـــی نوێی میللەت و ئیدیۆلۆژی نەتەوەگەرێتی (یا هاتنی مۆدێرنیتە)، ببێتە تەنها کاندید بۆ زمانی نەتەوەیی دەوڵەتی ئێرانی هاوچەرخ.

## فارسی وەک زمانی دەوڵەت

ســـەردەمی هاوچەرخ، زمانی فارســـی لە زمانێکی بەدەســـەڵاتی ناوچەییەوە کردە زمانێکی نەتەوەیی لە ئێران. هەر وەک لە سەرترەوە باس کرا، توانایە ئەدەبییەکانی ئەو زمانە دەبوایە لە ڕەوتی ســـەدەی بیستەمدا گەشە بکەن بۆ ئەوەی جوابدەرەوەی پێداویســـتییەکانی دەوڵەتی نوێ بـــن. توانایی ئەدەبیی زمانی فارســـی، هەرچەندە ئـــەو زمانە دەوڵەمەندیش بێت، ناکرێت وەک تەنها هۆکار بۆ هەڵکشـــانی ئەو زمانە وەک زمانـــی نەتەوە و دواجار وەک زمانی ڕەســـمی چاو لـــێ بکەین. بۆیە هۆکاری گۆڕانکارییەکانی ئێران لە سەدەمی بیستەمدا گرینگییەکی زۆر وەردەگرێت. هەوڵدان بۆ جێخســـتنی فارســـی لە پێشـــدا وەک زمانی نەتەوە و دواجار زمانی ڕەسمی، لە ڕێگای چەند ڕەوتەوە خۆی دەرخســـت. ئەوانە بریتـــی بوون لە ڕەوتی ڕەواییدان بە دەوڵەتی نوێی ئێران بە پاڵپشتی بیرۆکەکانی یەکگرتوویی نەتەوەیی (وحدت ملی) و یەکپارچەیی خاک (تمامیت ارضی)؛ ڕەوتی ساکار کردن و پالاوتنی زمان؛ خوێندنی نـــوێ و ئەدەبی فارســـی؛ بەمیدیایی‌کردنـــی فەرهەنگ واتە گەشـــەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی وێنە و دەنگ (تەلەفزیۆن، ســـینەما)؛ و بەرخۆدان و سەرکوت. لە ئاکامی ئەم ڕەوتانەدا، فارســـی لە زمانێکی بەهێزی ناوچەییەوە، کە پێناســـەی سەدەکانی

1. Behrooz Chamanara, Kurdish Šhāhnāma and its Literary and Religious Implications (Available at Amazon.co.uk, 2015).

ڕابردوو بوو، گۆڕدرا بۆ زمانی نەتەوە و دەوڵەت و بەو جۆرە، هەر وەک گرامشی دەڵێ، هێژمۆنی فەرهەنگی زمان و فەرهەنگی فارسی وەک «هەستی گشتی» سەپێنرا.[١]

با لە ڕەوتی ڕەواییدان بە دەوڵەتی نوێوە دەســـت پێ بکەین. بە پشـــت بەستن بە بڵاوکراوەکانی ســـەردەم، بەرزکردنەوەی زمانی فارسی بۆ پێگەی زمانی دەوڵەت و نەتەوە، نابێ تەنیا وەک ئاکامی ســـەرکوت سەیر بکرێت. هاندەرانی گەیاندنی ئەو زمانـــە بەو پێگە نوێیە بریتی بـــوون لەو بیرۆکە نوێیانەی وا لـــە دەور چەمکەکانی میللـــەت، زمان و پێداویســـتییەکانی دەوڵەتی نوێ لە بـــواری زماندا لە ئارادا بوون. لەبەرچاونەگرتنی ئەمە، ئێمە وا لێ دەکات کە زۆرتر دیاردەکان بە شک و گومانەوە شیی بکەینەوە یان تەنها جەخت لە سەر هەڵوێستی توندئاژۆی دەوڵەت بەرامبەر ئەو کۆمەڵگایانە بکەین کە وەکوو کورد خاوەن فەرهەنگ و زمانێکی جیاوازن. بیرۆکەی یەکگرتوویی نەتەوەیی ئێران، ڕەوایی بۆ سیاســـەتەکانی ئیداریی و زمانیی دەوڵەتی نوێ پێک هێنا. ئێران هەر لە کاتی شۆڕشی مەشرووتەوە تووشی ناسەقامگیرییەکی درێژخایەن هات و دواجار کەوتە ناو شـــەڕی یەکەمی جیهانییەوە. لەو بەســـتێنەدا، گۆڤارە فارسییەکانی ساڵەکانی دەیەی ١٩٢٠ کاردانەوەی فەرهەنگێکی سیاسی بوو کـــە بانگەوازی بۆ (١) **دەوڵەتێکی بەهێـــز** و (٢) **یەکگرتوویی نەتەوەیی** دەکرد. ئەو دووانە وەک بنەماکانی پێکهێنانی ئێرانێک دەبینران کە دەکرا لە باری سیاســـییەوە ســـەقامگیر و لە باری کۆمەڵایەتی-ئابوورییـــەوە بەرەوپیش بێت. بۆ وێنە، مەحموود ئەفشـــار کە دوکتۆرای لە قانوونـــدا (١٩٢٠) لە زانکۆی لووزان وەرگرتبوو و گۆڤاری ئایەنـــدە (آینده)ی لە ســـاڵی ١٩٢٤دا دامەزراند، یەکگرتوویـــی نەتەوەیی بەمجۆرە پێناسە دەکات: «مقصود ما از وحدت ملی ایران وحدت سیاسی، اخلاقی و اجتماعی مردمی اســـت کە در حدود امروز مملکت ایران اقامت دارند. این بیان شـــامل دو مفهوم دیگر هم می‌شـــود کە عبارت از حفظ اســـتقلال سیاســـی و تمامیت ارضی

---

١. بڕوانە:
Quintin Hoare and Geoffrey Nowell Smith, eds., Selections From The Prison Notebooks of Antonio Gramsci (London: Lawrence and Wishart, 1971), 198–9.

ایران باشد».[۱]

یەکگرتوویـــی نەتەوەیـــی داوای یەکجۆرکردنـــی داب و نەریت و ســـڕینەوەی هەمەڕەنگیی لە جلوبەرگ و زمان و ناوەکاندا دەکرد:

*بـــه عقیده ما تا در ایـــران وحدت ملی از حیث زبان، اخـــلاق، لباس و غیره حاصل نشود هر لحظه برای استقلال سیاسی و تمامیت ارضی ما احتمال خطر میباشـــد. اگر ما نتوانیم همه نواحی و طوایف مختلفی را که در ایران ســـکنی دارنـــد یکنواخت کنیم، یعنی همه را بتمام معنی ایرانی نمائیم، آینده تاریکی در جلو ماست [...] میتوان بعضی از ایلات فارسی زبان را بنواحی بیگانه زبان فرســـتاد و در آنجا دەنشـــین کرد و در عوض ایلات بیگانه زبان آن نقاط را بجای آنها بنواحی فارســـی زبان کوچ داد و ســـاکن نمود. اسامی جغرافیائی را که بزبانهای خارجی و یادگار تاخت و تاز چنگیز و تیمور اســـت باید باســـامی فارسی تبدیل کرد. باید مملکت را از لحاظ اداری مناسب با مقصود تقسیمات جدید نمود و اســـامی خراسان و بلوچستان و فارس و آذربایجان و کردستان و غیره را ترک گفت ـ کاری که بعضی ملل دیگر مخصوصاً فرانسویها هم در موقع انقلاب [فرانسه] کردند و نتایج خوب گرفتند.*[۲]

ســـەرەڕای ئەمە، ئەفشـــار دەڵێ کە نایهەوێت وەک شۆڤینیســـت یا ئیمپریالیست بناســـرێت. زانینـــی ئەو ئیدیعا بۆ ئـــەوە بەکەڵکە تا بزانین مـــەرج نییە بۆچوون یا بیرۆکـــەی یەکجۆرکردنـــی فەرهەنگی لە قیـــن بەرامبەر بە خەڵکانـــی دیکە یا لە ڕوانگەیەکـــی دوژمنانەوە باس بکرێت. دەتوانین بڵێین ئەو باوەڕانەی ئەو پشـــتگریی دەکرد و هەوڵی بۆیان دەدا، لە هەســـتی مەترســـی هێرشـــی دەرەکیی سەرچاوەی

---

۱. بۆ وێنە بڕوانە: افشار، **آینده**، شماره ۱ (۱۳۰۴).

۲. همان جێگا.

دەگرت. (ئەمە ئەو هەستەیە کە دواتر دەوڵەتی ئێران بەردەوام زیندووی ڕاگرتوە). بەڵام وەک هۆکارێکی دیکە، ئەو حەزە گشتییە بوو بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێ و کارامە کە لە کارەکانی ڕووناکبیران و سیاسەتوانانی وەک محەمەد فرووغی و عەلی ئەکبەر داوەر دا ڕەنگی دەدایەوە. بەڵام، پێداگریی ئەفشار لە سەر یەکپارچەیی و یەکجۆرکردنی کۆمەڵگا هەمەڕەنگەکانی ئێران و لە ژێر ئاڵای یەکگرتوویی نەتەوەیی (وحدت ملی) لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا، بەردەوام مایەوە.[1]

بەمجۆرە، دەوڵەتی نوێ دەستپێکی پاڵپشتیی دەوڵەت و هەوڵی وشیارانە بوو بۆ بەرزکردنەوەی زمانی فارسی بۆ زمانی دەوڵەت و زمانی میللەتی نوێی پەڕاویزخەر. هەر لە دەستپێکەوە، دەوڵەتی نوێ بە جۆرێکی سیستەماتیک دەستی دایە گەشە پێدان بە زمان و فەرهەنگی فارسی، لە کاتێکدا لە ڕێگای توانایی سیاسی و چەکدارانەوە، چالاکیی فەرهەنگیی خەڵکانی دیکەی بەرتەرسک دەکردەوە و هەوڵی دەدا لە فەرهەنگی «سەرەکیی»دا بیانتوێنێتەوە. بۆ وێنە، بە درێژایی سەردەمی ڕەزا شا، زمانی کوردیی قەدەغە کرا و چالاکیی فەرهەنگی بە زەبروزەنگی ژاندارمەکان بەرتەسک دەکرایەوە. هەروەها، پێویستیی کەڵک وەرگرتن لە هێزی دەوڵەت بۆ جیخستنی ڕێسای جلوبەرگ و شەپکەی پەهلەویی و چاوەدێریی چالاکانی نەیاری خۆی جەختی لەسەر دەکرا.[2] بەڵام پێویستیی حوزووری جەستەیی دەوڵەت (لە ڕێگای ژاندارمەوە)، هەتا هات کەمتر بووەوە، لە بەر ئەوەی ڕێساکانی جلوبەرگ بۆ مامۆستاکان و خوێندکاران و کارمەندان وردە وردە بوونە باو. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمەدا، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی-ئابووریی ئێران یەکجار گرینگە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەستپێکی ۱۹۴۰/۱۳۲۰، نەسلێک لە خوێندەواران لە شارەکانی کوردستان سەری هەڵدا کە بەرهەمی خوێندنی نوێ و گەشەی ئابووریی و شارسازیی بوو.[3] نەسلی سەردەمی کۆماری کوردستان نموونەیەکی زەقە کە گۆڤارەکانی **نیشتمان** و **کوردستان**

---

۱. افشار، **آینده**، سال ۴، شماره ۱ (مهر ۱۳۳۸).

۲. بڕوانە هەژار، چێشتی مجەور (ئێران، کتیبی مێهرگان، ۲۰۰۷)؛ هێمن، تاریک و ڕوون (۱۹۷۰).

۳. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەشی ۱ (اوپسالا: ژینا نوێ، ۱۹۸۶).

نوێنەرایەتییـــان دەکەن. (بەو جۆرەی لە ناوی وەزارەتەکانیدا دەردەکەوێت، کۆمار لە باری ئامانج و سروشـــتیەوە لانیکەم زۆرتر ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فکرییانە، واتە گەشەی سەرمایەداریە تا پێکهاتەیەک کە بۆ نیزامی دەرەبەگایەتی داتاشـــرابێت.) دیارە دوڵەتی هاوچەرخی ئێران هێشـــتا پێویستی بە حوزووری بەهێز هەبوو بۆ ئەوەی دەســـەڵاتی سیاســـی بۆ هەوڵە فەرهەنگییەکانـــی دابین بکات. ئەو هەوڵانەی وا بە پشتیوانیی دەوڵەت بۆ گەشەی زمانی فارسی دەدرا، ڕەوتی چاکسازی زمانی لێ کەوتەوە و ڕەوتی گۆڕانکاریی زمانی بە قازانجی فارسی خێراتر کردەوە.

گەشەی دوانەیی ڕەسمی و مەحەللی بە تایبەتی هەر لە سەرەتای ۱۹۲۰وە و لە بەستێنی ڕەوتی ساکارکردن و پاڵاوتنی زمانەوە دەست پێ دەکات. لەو ڕەوتەدا، زمانی فارســـی وەک زمانی **نەتەوەیی** ئێران پێناســـە کرا. پێشینەی ئەو ڕەوتە دەگەڕێتەوە بۆ لانیکەم نیوەی ســـەدەی نۆزدەهەم، واتە سەرەتاکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران لە گەڵ مۆدێرنیتـــەی ڕۆژاوایی. هێزی بزوێنەری ڕەوتی پاڵاوتنی زمان ڕەنگدانەوە یان کاردانەوەیەک بوو بۆ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکان. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، لە پێشـــدا گرینگی بە سادەکردنی ڕێنووسی فارسی دەدرا بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی جـــۆری دەربڕینی هونـــەری و هەروەها بۆ ئەوەی ئەدەبیات بکرێتە کەرەســـتەیەک کە خەڵک بەئاســـانی بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن. (ســـەرنج بدەنە کتێبی **یکی بود یکی نبود** بەرهەمی جمالزادە کە گفتوگۆی ســـێ کـــەس باس دەکات: ئاخووندێک کە بە عەرەبی دەدوێت و کەســـێک کە لە فەرەنگ گەڕاوەتەوە و زۆربەی وشەکانی فەرانســـەییە و جووتیارێکـــی ناوچەی شـــومالی ئێران کە لە هیچیـــان تێ ناگات). بـــەڵام کاتێک لە ۱۹۲۰ نزیک دەبینەوە، بەســـتێنی مێژوویی و ڕووناکبیرانە دەبێتە بزوێنەری بیرۆکەی یەکگرتوویی زمانیی، وەک پێشمەرجی پاراســـتنی یەکگرتوویی نەتەوەیـــی.[1] بۆیە پاڵاوتنـــی زمان بەخێرایی بوە هاوڕێی سادەســـازی زمان و پێ بە

۱. بڕوانە حمید امجد، تیاتر قرن سیزدهم: نخستین نمایشنامه ایرانی به عنوان آغاز دوران ادبیات جدید (تهران، نیلا، ۱۳۸۷)؛ احمد کریمی حکاک، طلیعه تجدد در شعر فارسی (تهران: مروارید، ۱۳۹۹)؛ محمد عـــــلی جمـــــالزاده، یکی بود یکی نبود (۱۳۲۰).

پێی خێرابوونەوەی ڕەوتی پێکهێنان و گەشـــەی دەوڵەتی نوێی ئێران گەشەی کرد. پێداویســـتییەکی گرینگی ئەو دەوڵەتە، بەرهەمهێنانی وشەنامەی نوێ بوو، هەروەها بـــە یارمەتی وشـــەنامەی زمانەکانی دیکە وەک فەرانســـەیی، بـــۆ وێنە بۆ ئەرتەش (تیمســـار، ســـرهنگ، خودرو) و بوارەکانی خوێندن (آموزش و پرورش، دانشـــگاه، دانشجو)، قانوون، پزیشکی، هاتوچۆ (حمل‌ونقل، هواپیما، فرودگاه، خلبان)، پەیوەندی (مخابرات)، شـــارەزایی (تخصص، مهندس، مهندســـی) و کەلوپەلی ژیان (یخچال، سشـــوار) و هتد.[١] بۆیە، لە هەمان کاتدا کە چاکســـازی زمان هەم پاڵپشـــت و هەم ڕەخنەگری هەبوو،[٢] ڕەوتی چاکســـازی و پاڵاوتنی زمان بوە بەســـتێنی سەرهەڵدانی دواتری دوانەیی ڕەسمی و مەحەللی.

بەڵام بە بلاوکراوەکاندا وا دەردەکەوێت کە وەک دوو چەمک (واتە نەک وەک دوو دەستەواژە کە بەکار دەهێنران)، ڕەسمی و مەحەللی لە سەرەتای ١٩٦٠/١٣٤٠وەیە کە وەک دوانەیی و لە بەرامبەر یەکتردا خۆیان دەردەخەن. هەروەک لە گۆڤارەکانی ١٩٢٠دا دەردەکەوێـــت. واژەی مەحەللی بۆ وێنە بۆ «زاراوەی مەحەللی» بەکار دەبرا. واژەی ڕەســـمیش هەروەها بۆ ئاماژە بە زمانی ئازەری وەک زمانی ڕەسمی کۆماری ئازەربایجان لە سەرەتای ١٩٤٠دا بەکار هێنراوە. پێکهاتنی دەوڵەتانی نوێی ئورووپایی وەکوو فەرانســـە، هـــاوکات بوو لە گەڵ بەرهەمهێنان و دووبـــارە بەرهەمهێنانەوەی زمانی «ڕەوا» و بیرۆکەکانی زمانی ڕەســـمی و زمانی ستاندارد لە پێناو یەکگرتوویی سیاســـی؛ ئەمە هەروەها ڕۆڵێکی نوێی بە خوێندن و پەروەدە بەخشـــی و لە ڕەوتی خۆیدا زمانە ناوچەییەکانی لە فەڕانســـە خستە پەڕاوێزوە و لە هەستی جەماوەرییدا «ناڕەوا»ی کردن.[٣] بە بلاوکراوەکاندا وا دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی دەســـتەواژەی «زمانی ڕەســـمی» وردە وردە لە سەرەتای ١٩٤٠وە و لە پەیوەندەی لە گەڵ ڕووداوە سیاسییەکان، وەک کۆمارەکانی کورت‌ماوەی ئازەربایجان و کوردستان پەرە بستێنێ.

١. بڕوانە: محسن روستایی، تاریخ نخستین فرهنگستان ایران (تهران، نشر نی، ١٣٨٥).
٢. هەمان سەرچاوە.
٣. بڕوانە:
Bourdieu, Language and Symbolic Power, 42–9.

کۆمـــاری ئازەربایجان هەوڵیدا زمانی ئازەری بکاتە زمانـــی خوێندن و بەڕێوەبەریی. وەک بەڵگەیـــەک بۆ ئەمە، چەند ســـاڵ داوی کۆتاییهاتنی ئەو کۆمارە، ژومارەیەک لە سیاســـەتوانان و نووسەرانی ئێرانی لە کێبڕکێ لە گەڵ بیرۆکەی بەڕەسمیکردنی زمانی ئازەری لە کۆماری ئازەربایجاندا، جەختیان لە سەر زمانی فارسی وەک زمانی ڕەسمی وڵات دەکرد. بە بڕوای ئەوان، یەکگرتوویی زمانیی بۆ پاراستنی یەکگرتوویی نەتەوەیی (وحدت ملی) گرینگ بوو. لە ساڵی ١٩٦٠دا، لە نووسراوەیەکیدا، مەحمود ئەفشار ئاماژە بە حەسەن ئەرزەنجانی، سیاستەوانێکی ناسراو کە دواتر لە ساڵی ١٩٦٢ بوە وەزیری کشتوکاڵ، دەکات کە کاتی خۆی ڕەخنەی لەو جۆرە «کورتبیرییەی» کۆماری ئازەربایجان ســـەبارەت بە پرسی زمان گرتبوو. ئەفشار ئاماژە بە نووسراوەی ئەرزنجانی دەکات کە لە ســـاڵەکانی ١٩٢٠دا بڵاو ببوەوە و تێیدا نووســـەر سەرنجی هەموو کەس بۆ «بانگەوازی مەترســـیدار [بۆ زمانی ڕەسمی تورکی] ڕادەکێشێت کە کاتی خۆی لە لایەن عوســـمانییەکانەوە لایەنگـــری لێ کرابوو».[1] گریمانە ئەوەیە کە بیرۆکەی زمانی ڕەســـمی لە ڕێگای وەها ڕووداوگەلێکی سیاســـییەوە و بە پاڵپشتی بیرۆکەی «زمانـــی ڕەوا»، وردە وردە جێ کەوت. ئەزموونەکانی ولاتانی ئورووپایی لە گۆڕەپانی زمـــان و خوێندنی هاوچەرخدا، هەوڵەکانـــی زێدەڕۆیانەی پالاوتنی زمان لە تورکیا لە ســـەرەتای ١٩٢٠ بەملاوە و هەبوونی ڕووسیای سۆڤییەت لە باکووری ڕۆژاوای ئێران لە ســـەرەتای ١٩٤٠دا، کە ڕاســـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر ئەزموونی کۆماری ئازەربایجان دانا، دەتوانن وەک ئەو سەرچاوە و کۆسپانە چاو لێ بکرێن کە بیرۆکەی زمانی ڕەسمییان لە ئێراندا پەرە پێ دا.

لە لایەکی دیکەوە، لە ســـەردەمی ڕەزا شـــا دا، سیاسەتوانان و ڕووناکبیران، کە یان لە داڕشـــتنی سیاســـەتدا دەوریان هەبوو یان گۆڤاری ئەدەبـــی و ڕووناکبیرانە

١. افشار، **آینده**، سال ۴، شماره ٣ (بهمن ١٣٣٨)، ۶-١۶۵. ئەرسنجانی دواجار بووە وەزیری کشتوکاڵ و هەروەها یەکێک لە کاربەدەستانی بەرجەستەی دەوڵەت کە بەرنامەکانی چاکسازیی زەوی بەڕێوە دەبرد و هەروەها لە تەلەفزیۆن پشتگری لە مافی دەنگدانی ژنان کرد. ئەمە وای کرد ژنان لە هەڵبژاردنی ساڵەکانی یەکەمی ١٩٦٠/١٣٤٠دا بەشێوەیەکی سەمبۆلیک بەشداریی بکەن. هەم هەوڵەکان بۆ چاکسازیی زەوی و هەم بابەتی مافی دەنگدان بۆ ژنان، لە خاڵەکانی بەرنامەی شۆڕشی سپیدا دواجار ڕەنگیان دایەوە.

و پەروەردەیـــی جۆربەجۆریـــان بەڕێـــوە دەبرد، خـــاوەن خاڵێکی هاوبـــەش بوون: بەرزکردنەوەی زمانی فارســـی بۆ پلەی زمانی نەتەوەیی ئێرانی نوێ. سەرەڕای ئەمە، شێواز و ئەنگیزەی جۆربەجۆر هەبوو بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ بەناو وشە دەرەکییەکان، کە لە ئاستێکی بەربڵاودا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بڵاو ببوونەوە. شایانی باســـە هۆکارێک کە مەجالی ئەو جۆربەجۆرییەی لە بۆچووندا دەرەخساند، ئەوە بوو کە ڕەوتی پاڵاوتنی زمان لە ئێران لەو ســـەردەمەدا وەها زێدەڕۆییانە نەبوو، لانیکەم لە بەراوەرد لە گەڵ ساڵەکانی دواتر (و هەروەها ئێستا) دا. بەڵگە بۆ ئەمە، هەبوونی بۆچوونی جیاواز لە یەکەمین فەرهەنگســـتانی ئێران و ئەوەیکە زۆرێک لەو وشـــانە کە پێشـــنیار دەکران یان ئەو هەوڵانەی بـــۆ گۆڕینی ناوی تورکی دێهاتەکان دەدرا، بە ســـەرئەنجام نەگەیشـــتن و زۆرێک لەو ناوانە وەک خۆیان مانـــەوە.[1] بەدرێژایی دەیەکانی ســـەرەتای سەدەی بیستەم، هەوڵێکی زۆر درا بۆ بەرهەمهێنانی فەرهەنگ یا وشەنامەی نوێ لە زۆر بواردا کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد. ئامانجی سەرەکیی چاکســـازیی زمـــان بریتی بوو لە زمانەکانـــی عەرەبی و تورکی و هەوڵدرا وشـــەی گونجاوی فارسی بۆ ئەوانە بدۆزرێنەوە؛ زمانەکانی ئینگلیزی و فەرانسەیی و ڕووسیی وەک هاوبایەخ و هاوشـــانی زمانی فارســـی چاو لێ دەکران. ئەم بۆچوون و هەوڵانە بۆ وێنە لە لایەن گۆڤارەکانی **ایران شـــهر، تعلیم و تربیت** (لە ســـاڵی ١٩٣٨دا بوو بـــە **آموزش و پرورش**)، **آینده** و **ســـخن** ڕەچاو دەکران. آینده تـــا ڕادەیەک لەوانی دیکـــە جیاواز بوو، ئەویش لە بەر ئەوەی سەرنووســـەرەکەی واتە محموود ئەفشـــار خاوەن ململانێیەکی ڕووناکبیرانەی دوور و درێژتر لەوانی دیکە لە گەڵ بیرۆکەکانی «یەکگرتوویی نەتەوەیی» و «زمانی نەتەویی» بوو و بەچڕوپڕییەوە باســـی دەکردن و شـــکۆی پێ دەدان. ئەفشار لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٥٠دا کوتی کە بیرۆکەکانی ئەو لە سەر یەکگرتوویی نەتەوەیی، «ڕووکەشانە نین بەڵکوو ئاکامی چل ساڵ تێڕامان و لێکۆڵینـــەوە و ململانێی فکریی» لە ١٩١٥ بەملاوەن.[2] ئەو ماوەیە هەروەها خوێندنی

١. بڕوانە: روستایی، نخستین فرهنگستان.
٢. بڕوانە: افشار، **آینده**، سال ۴، شماره ٢-١ (١٣٣٨)، ١٣٠.

دوکتـــۆرا و ڕۆژنامەوانیی ســـاڵەکانی دەیەی ۱۹۲۰ و دەیـــەی ۱۹۳۰ دەگرتنە خۆ. گرینگیی ئەفشـــار ئەوەیە کە ڕەهەندێکی سیاســـیی بە زمانی فارسی و ئەلفوبێکەی بەخشـــی، چوونکوو، هەر وەک خۆی دەڵێ، «ئەوانە بە یەکپارچەیی خاکیی [ئێران] بەنـــدن و پەیوەندی نزیکیان لە گەڵی هەیە و [زەمانەتی] شـــکۆی میللەت و وڵات دەکەن».[1] لە ساڵی ۱۹۶۰دا، ئەفشار دەگێڕێتەوە کە **تەنانەت** کەسێکی ناسراوی وەک سید حەسەنی تەقیزادە، ئەندامی مەجلیسی سێنا و لە کەسانی سەردەمی شۆڕشی مەشـــرووتە، کە بۆ خۆی ئازەرییە، «لە پەیوەندیی نێوان زمانی فارسی و یەکگرتوویی نەتەوەیی تێ دەگات».[2]

بەمجۆرە، لە ســـەردەمی نێوان کۆتایی حوکمڕانیی ڕەزا شـــا لە ســـاڵی ۱۹۴۱ هەتا کۆتایی ئەو دەیە، زمانی فارســـی وەک زمانی نەتەوەیی ئێران خۆی پێناســـە دەکرد. ئەم پێگە نوێیـــە ئاکامی بیرۆکەکانی میللەتی نوێ و یەکگرتوویی نەتەوەیی (وحـــدت ملـــی) و یەکپارچەیی خاک (تمامیت ارضی) بـــوو. ڕووداوە ئەدەبییەکان، وەک کۆنگرەی فیردەوســـی لە ساڵی ۱۹۳۸، دەورێکی زۆریان هەبوو تا ئەو پێگەیە بە زمانی فارســـی بدەن. لـــە هەمان کاتدا، تواناییەکانی ئەدەبیی زمانی فارســـی لە خزمەت پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ بەکار دەبرا؛ دەوڵەتێک کە دامابوو بۆ وشـــەنامەی نوێ و کتێبی دەرسیی. لەمە زیاتر، بیرۆکەی خوێندنی نوێ کە هاوڕێی گیانیگیانی بیرۆکـــەی میللەتی نوێ بوو، بوە بنەمایەکی ڕێ پیشـــاندەر بۆ ڕووناکبیرانی ئێرانی و دەســـەڵاتداران. ئەمە لە هەموو بڵاوکراوەکانی ئەو ســـەردەمەدا دەبینرێت. بۆ وێنە ســـڕینەوەی نەخوێندەواریی و پەرەپێدانی خوێندنی نـــوێ لە لایەن گۆڤاری وەک **ســـخن** شـــێلگیرانە ڕەچاو دەکرا. ئەو گۆڤارە لە لایەن کەســـانی وەک پەرویز ناتل خانلەری بەڕێوە دەچوو کە بیرۆکەی ســـپای دانش لـــەوەوە هاتوە؛ بیرۆکەیەک کە دواتر بوە یەکێک لە بنەماکانی شۆڕشـــی ســـپی حەمە ڕەزا شا لە سەرەتای دەیەی ۱۹۶۰/۱۳۴۰دا. لە لایەکی دیکەوە و لە ئاکامی ڕەوتی چاکسازیی زمان، هەمەڕەنگی

---

۱. افشار، **آینده**، سال ۴، شماره ۳ (بهمن ۱۳۳۸)، ۶۴-۱۶۳.

۲. هەمان سەرچاوە.

زمانیی، کە لە هیندوستان تاقی دەکرایەوە، وەک لەمپەرێک بۆ هەر دوو پێشکەوتنی زانیاریی زانستی و پەرەپێدانی خوێندنی نوێ سەیر کرا.[1]

هەروەها، ساڵەکانی نێوان ١٣٣٠ و ١٩٧٠/١٣۴٠-١٩۶٠، بوونە شاهیدی درێژەکێشانی ململانێ فکرییەکان لە سەر ئەوەی چۆن زمانی فارسی گەشە پێ بدرێ و ئەو زمانە لە بەرامبەر عەرەبی و تورکی کە بە زمانە **بێگانەکان** دەناسران، بپارێزرێت؛ ئەمە بێ ئەوەیکە لانیکەم بە ئاشکرا ئاسەوارێک لە دوانەیی ڕەسمی و مەحەللی دەرکەوتبێت. لەو ماوەدا، بنەما ئایدیۆلۆژیک و فکرییەکان وەک خۆیان مانەوە و زمانی فارسی وەک زمانی نەتەوەیی هەم وەک ڕێگایەک بۆ پاراستنی یەکگرتوویی نەتەوەیی ئێران و هەم وەک ئامرازێک بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستییەکانی دەوڵەتی هاوچەرخ، پێناسە دەکرا. بیرۆکەی زمانی فارسی وەک زمانی نەتەوەیی ئێران ببوە باو و جێ کەوتبوو. بۆیە نیگەرانی سەرەکی لەو ماوەدا ئەوە بوو کە چلۆن ئەو زمانە جوابدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەم بێت. وەک نموونەیەک، وتارەکانی کەسانی وەک سەعید نەفیسی (١٣۴۵-١٢٧۴)، کە لە باری ئەدەبییەوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا ناسراو بوو، و هێنانەوەی قسەکانی سیاسەتوانێکی وەک محەمەد فرووغی (١٣٢١-١٢۵۶) لە گۆڤاری ئایەندەدا، لە زومرەی ئەو هەوڵانە بوون بۆ بەرگری کردن لە دابەزاندنی زمانی فارسی لە بەرامبەر زمانە ئورووپاییەکاندا. لە هەمان کاتدا سەرنج بۆ **هاوچەرخبوونی زمان** ڕادەکێشرا کە جەختی لە سەر گەشەی پەیوەندی نێوان زمانەکان دەکرد. ئەمەی دوایی، بە تایبەت لایەنێکی کارەکانی نەفیسی بوو. مەبەستیش پەیوەندی نێوان زمانی فارسی و زمانە ئورووپاییەکان بوو؛ نەک ئەو زمانانەی وا فارسی پەیوەندییەکی چڕوپڕتری مێژوویی لە گەڵیان هەبوو کە ئێستا یان پەراوێزخرابوون یان وەک بێگانە پێناسە دەکران.

---

١. بۆ وێنە بڕوانە: **آموزش و پرورش**، شماره ١ (فروردین ١٣٢۶). ئەم گۆڤارە بە درێژایی دەسەلاتی پەهلەویدا دەردەچوو. ئەمە هەمان **تعلیم و تربیت** بوو کە لە ١٣٣٧دا ناوی خۆی بۆ آموزش و پرورش گۆڕیی، لە بەر ئەوەی ئەمە زۆرتر لە فارسی نزیک بوو. ئەو گۆڕانە هەروەها ڕەنگدانەوەی ڕەوتی چاکسازیی و پاڵاوتنی زمانیی لەو کاتەشدایە.

##ساڵەکانی دەیەی ١٣٣٠ تا دەیەی ١٣٥٠ (١٩٥٠-١٩٧٠)

بە درێژایی ئەم ساڵانە، بیرۆکەی زمانی فارسی وەک زمانی نەتەوەیی، تووشی گیروگرفتی زیاتر بوو. بۆیە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی بەدیلێک بۆ ئەو بیرۆکە گەشە دەستێنێت. «گرفتی» هەبوونی زمانەکانی دیکە لە ئێراندا، هەتا دەهات وەک لەمپەرێک لەبەرامبەر پێناسەکردنی فارسی وەک زمانی نەتەوەیی ئێران خۆی دەردەخست. بەڵام ئەمە تەنها ڕواڵەتی کێشەکانە. چوونکوو ئەوە تەنها هەبوونی ناچالاکی ئەو زمانانە بێ ئەوەی پەیوەندییەکیان لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمی خۆیان هەبێت، نەبوو کە ئەوانەی وەک لەمپەرێک لە بەرامبەر پێگەی نەتەوەیی زمانی فارسی قوت دەکردەوە. بۆیە دەبێ بەوردی سەرنجی ئەو ئاڵوگۆڕە مەزنانە بدەین کە لە نێوان شەڕی دووهەمی جیهانی بەتایبەتی لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠/١٣٤٠ بەملاوە هەتا کۆتایی دەیەی ١٩٧٠/١٣٥٠، لە ئێراندا ڕوویان دا. پێناسەی ئەم ساڵانە، نوێسازییەکی چڕوپڕ و گۆڕانکاریی پێکهاتەکانی ئێرانە، زۆر مەزنتر لەوەی کە تا ئێستا لە ئارادا بوو. ڕێک لە وەها بەستێنێکدایە کە دوانەیی ڕەسمی و مەحەللی (وەک بەدیلێک بۆ زمانی فارسی وەک زمانی نەتەوەیی ئێران) خۆی دەردەخات و سەقامگیر دەبێت. ئەو بەستێنە چەند لایەنی هەبوو. ئاڵوگۆڕەکان بریتی بوون لە گۆڕانکاریی بێوێنە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی-ئابووریی و فەرهەنگیی و تێکنۆلۆژیا کە هەڵخڕێنەری دوو ڕەخنەی سەرەکیی لە ئاڵوگۆڕەکان کە خۆیان بوونە دوو هۆکاری گرینگ بۆ جەختکردنە سەر فەرهەنگ و زمانە «مەحەللییەکان». لە ئاکامی نوێسازیی دەوڵەتی، هێژمۆنیی فەرهەنگیی زمانی فارسی، واتە قبووڵکردنی خۆبەخشانەی سەروەربوونی فەرهەنگیی ئەو زمانە لە لایەن جەماوەرەوە، بوو بە میکانیزمی سەرەکیی پەیوەندییە فەرهەنگییەکان لە ئێراندا. دیارە هەر کاتێک کە پێویست دەکرا، دەوڵەت چالاکیی فەرهەنگیی چالاکوانانی کوردی سەرکوت دەکرد و لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگی ئافرێنەر (تکوینی) بەرگریی دەکرد.

ئەم بەشەی نووسراوەکە سەرنجی ئەو بەستێنە مێژووییە دەدات. لایەنێکی

یەکجار گرینگی ئەو بەستێنە بۆ جێخستنی پێگەی هێژمۆنیی زمانی فارسی، بریتییە لە گەشەی ئامرازەکانی نوێی ڕاگەیاندنی دەنگ و بەتایبەت وێنە. ئەگەر ئاستی بەرینی نەخوێندەواریی ئەو سەردەمە بهێنینە پێش چاو، گرینگیی ئەو ئامرازانە زۆرتر دەردەکەون. بەردوامیی ئەمە، ئاکامەکانی فەرهەنگیی نوێسازیی شیی دەکرێنەوە کە لە ناو ڕووناکبیرانی ئێرانیدا، نیگەرانیی لە لاوازبوونی فەرهەنگی مەحەللی پەرەی پێدرا و؛ لە هەمان کاتدا ئەو نوێسازییە، بەرگریی فەرهەنگ و زمانی کوردی بەدوادا هات.

بەمیدیاییکردنی فەرهەنگ کە بەگشتی بە زمانی فارسی بوو، بەشێوەیەکی زۆر پلەی زمانی فارسی لە زمانێکی حکوومەتیی یا زمانی خوێندنەوە بۆ پلەیەکی جەماوەریتر بەرزکردەوە؛ واتە زمانی فارسی جەماوەریی کرد.[١] ڕەوتی بەمیدیاییکردن بریتی بوو لە گۆڕانی شێوەی تێکگلان و کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی جیهانبینیی تاکەکان. لەو ڕەوتەدا هەروەها پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت هەمیسان ڕێک دەخرایەوە. بەکەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی نوێی ڕاگەیاندنی دەنگ و ڕەنگ، نوێسازیی شێوەی پێکدادانی فەرهەنگیی ئێرانییەکانی لە گەڵ دونیای دەرەوە، بەڵام بە هەمان ڕادە گرینگ لە گەڵ فەرهەنگەکانی هاوسێیان لە ناوخۆی ئێرانیشی بەتەواوەتی گۆڕی. لە سەردەمی نەخوێندەواریدا، هاتنی ڕادیۆ و لەوە گرینگتر بەوێنەکردنی ئامرازی ڕاگەیاند، بە گشتی ڕەهەندێکی جیاوازی دایە فەرهەنگ و بەتایبەت بە پێکدادانە فەرهەنگییەکان لە سەرەمی هاوچەرخدا. وەک ئاکامێکی گرینگی دیکە، ئامرازەکانی نوێی ڕاگەیاندن کەوتنە خزمەتی ڕووناکبیران و بیرمەندان. بۆ وێنە پێش ئەوەی پەخشی بەرنامەکانی ڕادیۆ دەست پێ بکات، سەعید نەفیسی لە ساڵی ١٩٣٩دا دەڵێت:

---

١. لە سەر میدیاییکردنی فەرهەنگ بڕوانە
John B. Thompson, Ideology and Modern Culture: Critical Social Theory in the Era of Mass Communication (UK: Polity Press, 1990).

*از طرف کمیســیون رادیــو ماموریت دارد که از افــراد صاحب ذوق و اطلاع بخواهــد که گفتارهایی در باره تاریخ و جغرافیای ایران برای رادیو بنویســند [...] چون رادیو یکی از وســایل انتشــار و ترویج زبان و ادب و از عوامل مهم شناســاندن آثار ادبیات فارســی بود [...] از آغاز تأســیس او را وادار کرد که خدمات رادیوئی را در ردیف خدمات علمی و فرهنگی خویش قرار دهد.*[1]

دەستپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی هاوکات بوو لە گەڵ زیادبوون و بلاوکردنەوەی ئامێری ڕادیۆ. ژمارەی وێســتگەی ڕادیۆ زیادی کرد. لە ساڵی ۱۹۷۷/۱۳۵۶ دا، بە وتەی ئابووریزانێکی ئەو ســەردەمە بەناوی جەهانگیر ئامووزگار: «ڕادیۆ ئێران دەگاتە ٪۸۵ دانیشتوان [ی ئێران] و ئامێرە نوێکانی ترانزیستۆر بۆ ڕاگەیاندن، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاریدەدری گەیاندنی ڕادیۆ بۆ دوورترین شار و دێهاتەکان بوون. ئێستا لە وڵاتدا ســێ میلیۆن وەرگر [ی ڕادیۆ] هەیە کە خزمەتی نزیکەی ۲۹ میلیۆن بیسەر دەکەن».[2] بەدواییدا، ئامووزگار دەوری ســەرەکی ڕادیۆ لــە بواری فەرهەنگدا وەک گەشەیەکی ئەرێنی زەق دەکاتەوە کە گەیشتوەتە ئاستێکی وەها بێ وێنە:

*لــە ئاکامــی جەماوەریی‌کردنی لە ئێران، ڕادیۆ هەرچــی زۆرتر بۆ پەروەردەی جەمــاوەر کەڵکی لێ وەردەگیرێــت [...] لەوش گرینگتــر، [ڕادیۆ] دەورێکی ســەرەکیی گێڕاوە لە پاراســتن و گەشەی فەرهەنگ و موســیقای سوننەتی ئێــران. هەروەها، لە ڕێگای بەکارهێنانی بەرنامەی ڕۆژاوایی، ئەوە [ڕادیۆ] بوەتە ئامرازێــک بۆ گواســتنەوەی زانیاریی و تێکنۆلۆژیای ڕۆژاوایــی بۆ کۆمەڵگای ئێران.*[3]

---

۱. ضیاالدین سجادی، «سعید نفیسی و شناساندن فرهنگ ایران»، **دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران**، سال چهاردهم، بهمن ۱۳۴۵، شماره ۳ (پیاپی ۵۵).

2. Jahangir Amuzegar, Iran: An Economic Profile (Washington D. C.: Middle East Institue, 1977), 125.

۳. هەمان سەرچاوە.

لـــە لایەکی دیکـــەوە، لە ســـەرەتای دەیـــەی ١٩٦٠/١٣٤٠ەوە ڕادیـــۆی ناوچەیی (مەحەللی) بە زمانی کوردیی دامەزرا. بەدوای ئەمانەدا، ڕادیۆی کوردیی کرماشـــان دەســـتی بەکار کرد و لە بواری شێعر و مۆســـیقا و شانۆدا بەرنامەی بڵاو دەکردەوە. بـــە پێی ڕەوایەتێکی دیکە کە خاوەن بۆچوونێکـــی ڕەخنەگرانەی «بەڕۆژاواییبوون» بوو، «ڕادیۆ ســـنە لە نێـــوان ١٣٣٥ و ١٣٥٠دا بەجۆرێکی ڕەزامەندانە کاری دەکرد، هەتا کەیفییەتی بەرنامەکانی لـــە ئاکامی دارمانی بەربڵاوی [فەرهەنگیی] لە ئێراندا دابەزین».[١] ئێســـتا کە دەڕوانینە ئەو ڕەوایەتە، ئەگەرچی ئاماژەی ئەو بە «دارمان» بۆ ئەوەیە کە هەوڵەکانی نوێســـازیی لەو ســـەردەمەدا دابەزێنێـــت، بەڵام ڕەنگدانەوەی ڕەخنەی ئایینییە لە نوێسازیی سەردەمی خۆی.

کاناڵی تەلەفزیۆن لە پێشـــدا وەک بوارێکی کەرتـــی تایبەت لە ئێران دامەزران. دەوڵەتـــی ئێران ئیمتیازی کاری بە کۆمپانیاکانـــی کەرتی تایبەت دا کە یەکەمجار سیستەمی بلاوکردنەوەی تەلەفزیۆنیان لە تاران لە ساڵی ١٩٥٨ و لە ئابادان لە ساڵی ١٩٦٠دا دانا. دواجار ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان لەم بوارەدا دەرکەوتن و لە ئاکامدا و لە سەرەتای ١٣٥٠دا بڵاوکردنەوەی بەرنامەی تەلەفزیۆنی هێنرایە ژێر ڕکێفی دەوڵەت.[٢] هەر وەک ئامووزگار دەڵێ:

*لە ســـاڵی ١٩٦٦دا، ناوەنـــدی تەلەفزیۆنی میللی ئێران کـــە هی دەوڵەت بوو، دەســـتی بەکار کرد. بەدوای ئەوەدا، دەوڵەت دوو وێستگەی لە کەرتی تایبەت*

١. برهان ایازی، آیینه سنندج (ایران: پیام، ١٣٧١)، ٧٢٧. ڕادیۆی سنە لە پێشدا لە لایەن کارمەندانی ئەرتەشەوە لەو شارە دامەزرا و لە هەفتەدا یەک کاتژمێر بەرنامەی بڵاو دەرکردەوە. هەر وەک ئەیازی (لاپەڕەکانی ٢٦-٧٢٤) دەڵێ، ئەرتەش بێتەلی بەکار دەبرد «بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی ئەرتەش و گۆرانیی مەحەللی لە ڕێگای بەکارهێنانی بڵیندگۆوە. خەڵک بۆ گوێگرتن لە بەردەم شوێنی ئەرتەشدا کۆدەبوونەوە. شێوەی پێشکەوتوانەتری بڵاوکردنەوە لە ساڵەکانی دواتردا دەرکەوتن و ماوەی بەرنامەکانیش لە سێ بۆ چوار کاتژمێر لە هەفتە بۆ ٢٤ کاتژمێر لە ڕۆژدا درێژ کرانەوە. ئەمە کاتێک بوو کەسانێکیش هاتن بەشداری بەرنامەکانیان دەکرد. لانیکەم تا سەرەتای دەیەی ١٣٥٠دا، یەکێک لە بەرجەستەترین لایەنی بەرنامەکان بریتی بوو لە مۆسیقای کوردی».

2. Amuzegar, Iran, 125; Hamid Nafisi, "Cinema As A Political Instrument," in Politics of Modern Iran, ed. Ali M. Ansari (New York: Routledge, 2011), 192.

*کرێ [...] و ڕێکخراوی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی میللی ئێران، سەربەخۆ لە دەوڵەت، دامەزرا. لە ساڵی ١٩٧١دا، ئەو دوو ڕێکخراوە سەر بەخۆیانە تێکەڵ کران و ناوی نرا ڕێکخراوی ڕادیۆ تەلەفزیۆنی میللی ئێران. ئامانجی ئەمە هاسانکاریی بۆ پەرەپێدان بە تۆڕەکانی ئامرازی ڕاگەیاندن لە وڵاتدا بوو.[1]*

تەلەفزیۆن و سینەما و ژمارەی بینەرانی ئەوانە لە نیوەی سەدەی ١٩٧٠دا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردبوو. بە پێی ئامارەکانی ڕێکخراوی بەرنامە و بودجە، لە ١٩٧٣دا، ٤٢٤ سینەما لە شارەکانی ئێراندا هەبوون.[2] لەو سەردەمەدا «فیلمی فارسی بۆ پێشکەش‌کردنی سەرگەرمی و هەناردنی پەیامی ئەخلاقی داتاشراو بە پێی مەزاقی گشتی خەڵک، لە گەڵ هاوردەکانی هاڵیوود و هیندوستانی کێبڕکێی دەکرد».[3] لە ساڵی ١٩٦٥دا، دوو میلیۆن کەس چوون بۆ بینینی فیلمی گەنجی قاڕوون.[4] لە ساڵی ١٩٧٦دا، ژمارەی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی تەلەفزیۆن گەیشتە پازدە. دوو لەمانە لە تاران و ئەوانی دیکە لە ناوەندی پارێزگاکان جێگیر کرابوون. کرماشان و سنە و مەهاباد خاوەن ناوەندەکانی خۆیان بوون. ئەم سێ ناوەندە بە گشتی زۆرتر لاسایی کەرەوەی بەرنامەکانی وێستگەکانی ناوەندی وڵات بوون و کات و بەرنامەی کەمیان بۆ زمانەکانی غەیری فارسی تەرخان دەکرد. لە ساڵی ١٩٧٦دا، ئیتر ڕێکخراوی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی میللی ئێران بە شێوەیەکی تێروتەسل لە سێ کاناڵی خۆی واتە لە ئاستی وڵات، کاناڵی دووهەم و نێونەتەوەیی، بڵاو دەکردەوە. هەر وەک ئابووریزانێکی ئەو سەردەمە دەڵێت:

*تا کۆتایی ١٩٧٦، بەرنامەی نێونەتەوەیی هەشت کاتژمێر بەرنامە لە ڕۆژدا*

---

1. Amuzegar, Iran, 125–6.

2. Plan and Budget Organisation, Statistical Yearbook of Iran 1352 *[March 1973* - March 1974], 143 (Iran: Statistical Centre of Iran, 1975) .

3. Amanat, Iran, 684.

4. Ibid.,

*بڵاو دەکاتەوە. لە ئاستی وڵاتدا [دەبێتە] ١٠٪ [ی دانیشتوان].لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، هەروەها مەجالی بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ڕەنگیی تەلەفزیۆن ڕەخسا. لە کۆتایی بەرنامەی [ئابووریی] پێنجەم [لە سالی ١٩٧٨]، بەرنامەی تەلەفزیۆنی بۆ سەرانسەری وڵات دەگاتە ٨٠٪ی دانیشتوان، و کاناڵی دووهەمی [تەلەفزیۆن] دەگاتە ٥٠٪ی خەڵک.*[1]

کاریگەریی بەرچاوی تەلەفزیۆن لە سەر خەڵک، دەکرا لە ڕێگای جەماوەریی بوونی بەرنامەکانی دەرکەوێت. ئەو بەرنامانە زۆرتر «بریتی بوون لە مۆسیقای کلاسیکی ڕۆژاوایی، ژیاننامەی کەسایەتی گرینگ و ئاڵقەکانی ئەمریکایی و بریتانیایی کە بە فارسی دووبلە کرابوونەوە، و هەروەها ئاڵقە ناوخۆییەکان».[2] لە هەمان کاتدا، پیشەسازیی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی ئامێری تەلەفزیۆن، بازاڕی فرۆشتنی ئامێری تەلەفزیۆنی پەرە پێدا. « بەراورد دەکرێ ژمارەی ئامێری تەلەفزیۆن لە ساڵی ١٩٧٦دا لە یەک میلیۆن تێپەری، کە نیوەیان لە تاراندا بوون.»[3]بەجۆرێکی جیاواز لەوەی ڕادیۆ، تەلەفزیۆن ئاڵووگۆڕێکی قووڵی لە هەڵسوکەوت و تێکئاڵانی کۆمەڵایەتی لێ کەوتەوە. بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی ١٩٧٤، زۆربەی بەرنامە جەماوەرییەکان، یا ئاڵقە بیانییەکان یا ئەو ئاڵقە ناوخۆییانە بوون کە ژمارەیەک بە «ڕۆژاوایی خواز» دەیانناساندن.[4] لە ١٩٧٩دا، خەڵکێکی زۆرتر ببوونە خاوەن ئامێری تەلەفزیۆن، ئامرازێک کە لە ڕێگای ئەوەوە «دەوڵەت سیاسەتی فەرهەنگیی [بەڕۆژاواییکردن]ی بلاو دەکردەوە».[5]

تەلەفزیۆن کاریگەرییەکی دەروونیی مەزنی لە سەر زەینی تاکەکان دادەنا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەوە پێتەختی وڵات و ناوەندی پارێزگاکان بوون کە

1. Amuzegar, Iran, 126.
2. Ibid., ; Nafisi, "Cinema As A Political Instrument."
3. Amuzegar, Iran, 127.
4. Nafisi, "Cinema As A Political Instrument."
5. Ibid., 205.

زۆرتـــر لەوانی دیکە قازانجیـــان لە تەلەفزیۆن دەکرد یان ژومـــارەی تەلەفزیۆن لە بەراوەرد لە گەڵ هەر ماڵێک بەرتەســک بوو. هیــچ ئامرازێکی دیکەی ڕاگەیاندن نەدەگەیشـــتە ئاســـتی خێرایی و کاریگەریی بەربڵاوی تەلەفزیـــۆن. تەلەفزیۆن بوە هـــۆی گۆڕانی ســـەرنجی کۆمەڵایەتی؛ واتە بابەتگەلێکی دیکـــە و نوێ بوونە خاڵی ســـەرەکیی بیرکردنەوە و ئامانجی سەرنجی تاکەکان. تەلەفزیۆن دیاردەیەکی نوێی بێهاوتـــا بوو کە پەیامەکانی لە ڕێـــگای وێنەوە کاریگەرییەکی مەزنیان لە ســـەر ژیانـــی تاکەکان هەبوو. هەروەها لە ڕێگای بـــە دەوڵەتی کردنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، ڕەوایەتە بەهێزەکان لە لایەک تێگەیشـــتنی تاکەکانیان شکڵ پێ دەدا و کردەوەی فەرهەنگییـــان دیاریی دەکرد و لـــە لایەکی دیکەوە دەبوونە لەمپـــەر لە بەرامبەر دەرکەوتـــن و شـــکڵگرتنی ڕەوایەتی جیاواز لە هی دەســـەڵات. بـــۆ وێنە، کاتێک هێمایەکـــی ئەرێیی ئەمریـــکا و مێژووەکەی لە زۆر ڕێـــگای وەک ئاڵقە و فیلمەوە بەرهەم دەهێنرانەوە، هیچ جـــۆرە زانیارییەکی ڕەخنەگرانەی پێکهاتنی ئەو وڵاتە و ژیانی خەڵکانی ڕەســـەن و ڕەشپێشتەکان پێشکەش نەدەکرا. دەستەواژەی وەک سرخپوست [سوور پێست] ـ سەرنجڕاکێشە کە تەنها شێوە فارسییەکەی دەوترایەوە و جێ کەوتبوو ـ کە بۆ پێناســـەکردنی دانیشـــتوانی ڕاستەقینەی ئەمریکای پێش داگیرکاریـــی بەکار دەهێنرا، لە پەنای «کابـــۆی» دادەنرا. لە پەنای یەک دانانی ئەو دوو دەستەواژەیە، واتە بە دوانەییکردنیان، ئەوانەی دەکردە چەمک کە نوێنەرایەتی خەڵکێک بکەن کە پێناســـەیەکی داتاشراویان بۆ ساز کرابوو. لە ئاکامدا، یەکێکیان وەک نزم و وەحشـــی و ئەوی دیکە وەک پێشکەوتنخواز نیهادینە کران. هەر وەک ڕەزا بەراهەنـــی دەڵێت: «ئەمریکا وەها هێمایەکـــی [نزمی] لە بوومییەکان داوە کە بوومییەکانیش پشـــتیوانیی لە ئەمریکا دەکەن و دژ بە خۆیانن».[1] بە هەمان شێوە، ئەو فیلمانەی وا باســـی داگیرکاریـــی ئورووپا لە ئافریقا و هیندوســـتانیان دەکرد، داگیرکاریان وەک پەیامهێنەری شارســـتانییەت لە شـــوێنە «دوورەکان»ی جیهان

۱. رضا براهنی، **تاریخ مذکر**: فرهنگ حاکم و فرهنگ محکوم (تهران: نشر اول، ۱۳۶۳)، ۸۸.

هێما ئەکرد؛ ئەو شوێنانەی وا گوایە بوومییەکان نەیاندەتوانی لە گەڵ سەردەمی نوێدا بێنەوە. لە ڕاستیدا، ئەو فیلمانە لەو شوێنانە سەرکەوتووتر بوون کە ئەزموونی داگیرکراویی (استعمار)یان هەبوو و بە خێرایی خەریکبوو بەرۆژاوایی دەکران.[1]

گرینگییەکی دیکەی ئامرازەکانی نوێی ڕاگەیاندن لە پەیوەندی لە گەڵ سیستەمی خوێندن و بلاوکراوەکاندایە. گۆڕانکاریی لە بواری خوێندندا لە شوێنێک وەک کوردستان بە هێواشی دەچوە پێشەوە و بەرتەسک بوو. خوێندنی نوێ لە باری کۆمەڵایەتییەوە لەو ڕووەوە گرینگ بوو هەتا هێژمۆنی فەرهەنگی تاقمێکی دیاریکراو دابین بکات. دامەزراوەکانی پەروەردە کە «بۆ گەیاندنی فەرهەنگی زاڵ و کاریگەر» پێویستن،[2] وەک ڕێگاکانی پێویست و کاریگەر بۆ جێخستنی یەکجۆرکردنی فەرهەنگی لە ئێراندا سەلمان ـ زمانی خوێندن بە فارسی بوو. سەرەڕای ئەمە، لە بەر ئەوەی خوێندنی نوێ دیاردەیەکی تازە و گەشەیەکی نارێکوپێکی هەبوو، نەیدەتوانی لە ئاستی پێویستدا هێژمۆنی فەرهەنگیی بەهەمان خێرایی ئامرازەکانی دەنگ و ڕەنگی ڕاگەیاندن مسۆگەر بکات. لە سەرەتای دەیەی ١٣٤٠/١٩٦٠دا، ٨٠٪ (هەشتا لە سەدی) دانیشتوانی بیست تا بیستویەک میلیۆنی ئێران نەخوێندەوار بوون. ئەمە دیاردەیەک نەبوو کە بە قازانجی جیخستنی هێژمۆنی فەرهەنگیی زمانی فارسی بشکێتەوە. بیرۆکەی سپای دانش لێرەوە سەرچاوەی گرت. لە ساڵی ١٣٤١دا، پەرویز ناتل خانلری، وەزیری پەروەردە لە پەیوەندی لە گەل ئەو سپایە کوتی کە لە «نۆزدە ساڵ دوای قانوونی خوێندنی زۆرەملیی [و بە بەلاش]، لە ٢٠ تا ٢١ میلیۆن دانیشتوانی ئێران، تەنها ژمارەیەکی کەمیان خوێندەوارن».[3] لە بەر ئەمەیە کە هێژمۆنی فەرهەنگی ئەو پێویستییەی خولقاند تا زاڵبوونی جەستەیی فەرهەنگیی جێگای

---

١.هەمان سەرچاوە.

2. Raymond Williams, Problems in Materialism and Culture (London: Verso, 1980), 39.

٣. **آموزش و پرورش**، سال ٣٣، شماره ١ (اسفند ١٣٤١)، ١٠. بۆ ئەو قانوونە بڕوانە آموزش و پرورش، سال ١٢، شماره ١١-٨ (آبان-بهمن ١٣٢١)، آلف. بە پێی بەراوەردی یونسکۆ، ژمارەی نەخوێندەواران لە ئێراندا زۆرتر لە بیست میلیۆن کەس واتە ٧٥٪ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بوو.

خۆی بدات بە زاڵبوونی ناجەســـتیی فەرهەنگیی. واتە پەیامەکانی دەسەڵات بێ ئەوەی کەسێک تووشی زەحمەت بکات، ڕاستەوخۆ بۆ هەر ماڵێک دەچوو. ڕەوتی گوازتنـــەوە بۆ هێژمۆنـــی فەرهەنگیی بەو مانایە، بە ڕاســـتی لە گەڵ زیادکردنی ئامێرەکانی تەکنیک و وێنەی ڕاگەیاندن لە ساڵەکانی دەیەی ١٣٤٠ و ١٣٥٠دا، خیراتـــر بووەوە. ئەو زیادکردنە لـــە ئاکامدا ئەو هەلومەرجانەی ڕەخســـاند کە لە ناخیاندا فەرهەنگی فارسی بتوانێت پێگەیەکی هێژمۆنیکی کەموێنە چنگ بخات. لەم رەوتەدا، بیرۆکە و کرداری هێژمۆنیک بە پاڵپشـــتی دەوڵەت بوونە «هەستی گشتی» (common sense) یان داب‌ونەریت، لە کاتێکدا لەم هەستی گشتییەدا فەرهەنگەکانی دیکە ئاگایانە و نائاگایانە دەخرانە پەراوێزەوە. لەم پەراوێزخستنەدا، تەنها وێژەرانی زمانی بەهێژمۆنی‌کراو دەوریان نەدەبینی، بەڵکوو وێژەرانی زمان و هەڵگرانی فەرهەنگەکانی دیکەش بەهەمان شێوە دەوریان دەگێڕا. ئەمە پڕاوپڕ بە مانای هێژمونی فەرهەنگییە.

## ئاکامەکانی فەرهەنگیی نوێسازی

لێرەدا دەگەینە چەند هۆکارێکی دیکە لە دەرکەوتنی دوانەیی ڕەســـمی و مەحەللی: ئاکامەکانی فەرهەنگیی نوێســـازی و بەرخۆدانی فەرهەنگـــی. کارە ئەدەبییەکان بە کۆبەندیی جیاوازەوە و هەروەها ئەوانەی وا مەجالی چاپیان نەڕەخســـا یان سەرکوت کـــران، بەجوانی کاردانـــەوەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر نوێســـازییەکی ئیلهاموەرگرتوو لە (جۆرێک) «ڕۆژاوا» پیشـــان دەدەن. لە ڕاســـتیدا، ئێران بەخێرایی دەبـــوە خاوەن توانایەکی زۆرتری ڕووناکبیرانە و ئەدەبی لە بوارەکانی پەیوەندیداردا کـــە خۆی ئاکامـــی گۆڕانکاریی بەرچـــاوی فکریی و ئەدەبیی، گەشـــەی خوێندنی هاوچەرخ، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی-ئابووریی، و گەشەی ئامێرەکانی نوێی ڕاگەیاندن بوو. لە وەها بەستێنێکی گۆڕانکاریی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیدا، دوانەیی ڕەسمی و مەحەللی لە بلاوکراوەکاندا خۆی دەرخست.

## وێژەی فارسی

ڕەوتی پێکهێنانی میللەت لە ئێران و نوێســازییەکی لاســایی کەرەوانە، قەوارەی بە ئەدەبیات دەدا. ئەو جۆرە لە ئەدەبیاتی فارسی کە لە ئاکامی ئەو ڕەوتانەدا شکڵی گرت، ئەدەبیاتێکــی نەگونجاو بۆ ئەدەبیات و فەرهەنگەکانی دیکە لە ئێراندا بوو. ئەدەبیاتی فارسی هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەو ســەردەمەی دادەپۆشی و دەورێکی سەرەکیی هەبوو بۆ نیهادینەکردنی زمان و فەرهەنگی فارســی وەک ڕەسمی و چۆنایەتییەکی هێژمۆنیکی پێ بەخشــی. نوێسازیی هەروەها کاردانەوەی ئایدیۆلۆژیکی لێ کەوتەوە. بۆ وێنە ئیسلامی سیاسی و بوومی‌گەرایی کە داکۆکییان لە فەرهەنگ و دینی پاراو دەکرد. کاردانەوەیەکی دیکە، لە ڕەخنەی سوسیالیستی یا کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی دەگرت کە ســەرنجی جیاوازیــی چینایەتیی دەدا. ســەرەڕای ئەمانە، لانیکەم ئەو کاردانەوە فکریی و ڕووناکبیرانە لە ئاستێکی پێویستدا بەخەمی ڕەوتی یەکجۆرکردنی فەرهەنگیی نەبوون کە خۆی ڕەوتێکی هاوکاتی نوێسازی کۆمەڵایەتی-ئابووریی بوو. ئەمە تەنانەت کاتێکیش ڕەخنەکانیان لە نوێســازیی و ســەرمایەداریی، بابەتەکانی پەیوەندیدار بە میللەتەکانی دیکەی ناو ئێرانی دەگرتە خۆ. تا ئەو جێگای دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونی بوومی گەرایی، لە ڕاستیدا، «ڕەسمی» و «مەحەللی» وەک بەدیلێک خۆی دەرخست تا بەرهەڵســتی «هجوم فرهنگی غرب» ببێتەوە. لەم بەدیلەدا، زمانەکانی دیکە دەبوا مەجالی خوێندنیان لە ئاستی سەرەتاییدا بۆ بڕەخسێت تا لە گەڵ گەلێک هەوڵی دیکە، ئەمانە بتوانن دیوارێک لە بەرامبەر هێرشــی فەرهەنگی ڕۆژاوا بۆ سەر فەرهەنگی ئێران (واتە فارسی) پێک بهێنن.[١]

کتێبــی **تاریخ مذکر** بە قەڵەمــی ڕەزا بەراهەنی لە کۆتایی ســاڵەکانی دەیەی ١٣٤٠دا نووســرا. ئەو کتێبە بەتەواوەتی ڕەنگدانەوەی ئەو باسانەیە کە لە ئاستێکی بەربڵاو لەو سەردەمەدا لە سەر زمانی فارسی و پێگەی زمانەکانی دیکە لە ئارادا بوە. هەوڵی ســەرەکی نووسەر بۆ بەرزکردنەوەی وشیاریی فەرهەنگی بوو و ڕەخنەی ئەو

١. بڕوانە: براهنی, تاریخ مذکر, ٠٦-١٠٥.

لە «بەڕۆژاوایی‌کردن» جیاواز بوو لەوەی وا لە لایەن کەسانی دیکە وەک ئال ئەحمەد باس دەکران. بەراهەنی هەوڵ دەدات سـەرنج بۆ «پەیوەندی نێوان زمانی فارسـی و زمانە مەحەللییەکان» ڕابکێشـێت؛ چوونکوو بە بـڕوای ئەو، زمانە مەحەللییەکان هەروەها بەشێک لە ناسنامەی ئێرانی پێک دەهێنن.[١] بەدوای ئەوەی لە کێتبەکەیدا ڕەخنـە لە دابەزاندنی فەرهەنگ و هونەر لەو بەسـتێنە مێژووییـەدا دکات، دەڵێ: «همین نکته مرا می‌رسـاند به یک مسأله اساسی، و آن موضوع رابطه زبان فارسی با زبانهای محلی اسـت. زبان رسمی ایران، زبان فارسی است، این درست و بر حق اسـت و کسی هم اگر منکرش شد بدهید حلق آویزش بکنند. ولی شما نمی‌توانید منکر زبان‌های محلی آذربایجان و کردستان و گیلان و مازندران بشوید».[٢]

کێشەی سـەرەکی بەراهەنی لە گەڵ بەڕۆژاوایی‌کردنێکی ڕەهای فەرهەنگە کە زیان بە زمان و مۆسـیقا مەحەللییەکان دەگەیێنیت. نووسـەر گاڵتە بە سیستەمی خوێندنیش دەکات: «خود بخود شـاگرد ایرانی از آن ابتدا می‌خواهد یک آمریکائی بشـود».[٣] لە پەیوەندی لە گەڵ ئەو خوێندکارانەی وا زمانی دایکییان فارسـی نییە، بەراهەنی بەدیلی خۆی بەمجۆرە پێشکەش دەکات:

> *[...] نباید کتابهای درسـی برای تمام مناطق کشـور یکسان باشد؛ باید برای اهالی مناطقی که زبان فارسی، زبان مادریشان نیست، کتابهای درسی از نوعی دیگر نوشـته شود؛ در غیر این صورت کتابهای درسی بضرر اهالی این مناطق اسـت و آنها را نسبت به فارسـی زبانان، خود بخود، عقب‌مانده بار می‌آورد و آنوقت اهالی محترم تهران، شب و روز، مردم شهرستانها، بویژه کردها و ترکها و شـمالی‌ها را مسـخره می‌کنند که ولش کن بابا، ترکه، رشتیه، سقزیه، که لابـد یعنی، خره، احمقه، قاطر و اسـتره. ایـن کثافتکاریهای نژادی ـ که در*

١. هەمان سەرچاوە، ٠٦-١٠٥.
٢. هەمان سەرچاوە، ١٠٦.
٣. هەمان سەرچاوە ، ١١٠.

*واقع نژادی هم نیســت و بیشــتر زبانی است – فقط موقعی از میان برخواهد خاســت که به ترک و گیلک و کرد، زبان فارسی، با اصول و موازین صحیح و جدید آموخته شود و با این فکر که این زبان مادری نیست که بدانها یاد داده می‌شــود، **بلکه زبانی اســت که در کنار زبان مادری، زبان رسمی و حکومتی است و باید هم آموخته شود**. (جەخت لە منەوە)».*[1]

لە گەڵ ئەوەیکە بۆچوونەکانی بەراهەنی خاوەن تیژبینیی و دژی ڕەگەزپەرەســتیی زمانیی و قەومییە، ئەوەیکە لێرەدا جێگای ســەرنجە، لە ئارادابوونی ئەو باســانە لە ســەردەمێکی نوێ لە ئێــران و هەروەها هەبوونی هەوڵێکــی چروپڕ بۆ دۆزینەوەی بەدیل، لێرەدا، لە بەرامبەر ئەو جۆرەی دەوترا هێرشی فەرهەنگیی ڕۆژاوا بوو. ڕەخنە لــە نزم‌کردنەوەی پێگــەی زمانە «مەحەللییەکان»، واتە زمانــی دایک، لە کارەکانی کەسانی دیکە وەک ئالی ئەحمەدیشدا ڕەنگ دەداتەوە.[2]

بەدرێژایی ئەو ســاڵانەی کە خەریکین باســیان دەکەین، نووسەری بەناوبانگی ئەدەبیاتــی منــداڵان واتە ســەمەد بێهرەنگــی (١٣٤٧-١٣١٨)، بــەو جۆرەی لە لێکۆڵینــەوەی ئێلینگ‌دا دەردەکەوێت، دەوری خۆی گێڕا بۆ ئەوەی بتوانێت دەنگی ئازەرییــەکان بێــت و بۆ ئــەوەی بتوانێت وەرگێڕاوی شــێعر و چیرۆکی ئازەری بۆ فارســی بڵاو بکاتەوە، داییمە لە گەڵ دەســەڵاتی پەهلەوی لە کێشمەکێشدا بوو.[3] لــەو ڕووەوە، هەوڵەکانــی بێهرەنگی بۆ گەشــەپێدان بە فەرهەنگــی ئازەریی دەبنە نموونەگەلێکی دیکە لە جەخت‌کردنی ئەدەبیات لە سەر فەرهەنگە «مەحەللییەکان». ئەمە ئەوە ئاشــکرا دەکات کە چلۆن دەســتەواژەکانی ڕەسمی و مەحەللی هەرچی زۆرتر لە بەستێنی نوێسازییەکی دەورهەڵگرتوودا بەکار دەبرێن. سەرەڕای ڕەخنەکان و هەوڵەکانــی ســەمەد، ئەدەبیاتی ئەو کە ڕوانگەیەکی سوسیالســیتی نوێنەرایەتی

---

١. براهنی، تاریخ مذکر؛ امیر پیشداد و همایون کاتوزیان، یادنامه خلیل ملکی (تهران: انتشار، ١٣٧٠ ).
٢. براهنی، تاریخ مذکر، ١٣.
3. Elling, Minorities In Iran, 167.

دەکـــرد، مەرزەکانی دوانەیی ڕەســـمی و مەحەللـــی تێنەدەپەڕاند و لە چوارچێوەی چەمکی چین و جیاوازیی چینایەتیدا دەمانەوە.[1] بێهرەنگی بە گشـــتی باســـی زمانی لە پەیوەندی لـــە گەڵ گۆڕانکاریی فەرهەنگی لە ئێرانی ئەو ســـەردەمەدا نەدەکرد. بۆ بێهرەنگی، زمان تەنها ڕەنگدانەوەی ڕاســـتیی بوو: «زمان لە ڕێگای بیرۆکەکانەوە بەستراوەتەوە بە ڕاستیی یا نیزامی هەبوون (نظام هستی)».[2] ئەمە هەروەها سەردەمی ڕەوایەتـــە مەزنەکانە کە لـــە ناویاندا ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتـــی چەمکی چین وەک پۆلێکی (کاتەگۆری) سەرەکیی لە بواری دەرک و تێگەیشتندا بەکار دەبرد. بۆیە لەو بەستێنەدا، ســـەرەنجی بێهرەنگی بەلای بوومی‌گەرایی یا بیرۆکەی فەرهەنگی پاراو ڕانەکێشرا و لە ڕێگای چیرۆکەکانییەوە خۆی لە قەرەی هەڵاواردنە کۆمەڵایەتییەکان دەدا.

لە هەمان کاتدا، هەوڵەکانی گۆڤارە ئەدەبییەکانی ســـەردەمی «شۆڕشی سپی» بۆ گەشـــەپێدان بە زمانی فارسی چڕتر بوونەوە. ژومارەیەک لە گۆڤارەکان بریتی بوون لە گۆڤاری **ســـخن** کە خۆی وەک بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی، زانســـتی و کۆمەڵایەتی دەناســـاند و مانگانـــە دەردەچووو. گۆڤـــاری **راهنمای کتاب** گۆڤارێـــک بوو بۆ زمان و ئەدەبیات کە مانگانە دەردەچوو، توێژینەوەی لە ســـەر ئێران‌شناســـی و ڕەخنەی کتێب بڵاو دەکردەوە. ئەو گۆڤارە لە لایەن کەســـانی ناسراوی بواری ئەدەبیات وەک ئیرەج ئەفشـــار سەرپەرستی دەکران. بوارێکی دیکە هی ئەوانە بوو کە دەکرێ وەک «ســـەڵتەنەتخوازەکان» ناویان بنێین. گۆڤارەکانی ئەو بـــوارە خزمەی میللەتی نوێی ئێـــران و دەوڵەتی ئێرانیان دەکرد. گۆڤاری مانگانەی **گوهـــر** یەکێک لەوانە بوو کە خۆی تەرخانی ئەدەبیات، هونەر، مێژوو و فەرهەنگی ئێران (واتە فارسی) دەکرد و لە لایەن نیهادی **بنیاد نیکوکاری** و لە زستانی ۱۹۷۳ بەملاوە بلاو دەکرایەوە. گۆڤارێکی دیکە **بررسی‌های تاریخی** بوو کە لە لایەن **ستاد بزرگ ارتشداران** لە هاوینی ۱۹۶۶

۱. بڕوانە: اسد بهرنگی، نامەهای صمد بهرنگی (تهران: امیر کبیر، ۱۳۵۷)؛ صمد بهرنگی، قصەهای بهرنگ (تهران: دنیا، ۱۳۵۹).

۲. اسد بهرنگی، مجموعه آثار صمد بهرنگی (تبریز: بهرنگی، ۱۳۸۲)، ۶۷.

بەملاوە بڵاو دەکرایەوە. (بڵاوکردنەوەی گۆڤار لە سەر مێژوو لە لایەن وەها نیهادێکی چەکدارییەوە زۆر جێگای ســـەرنجە و پیشانی دەدات کە چلۆن مێژوو لە گەڵ زمان و جوگرافیا (مەحموود ئەفشـــار) سێ بنەمای ئایدیۆلۆژیکی بیرۆکەی نەتەوەی نوێ پێک دەهێنن و تەواوکەی یەکترن).

## وێژەی فارسی لە سەردەمی «شۆڕشی سپی»دا

دیارە ژومارەی گۆڤارەکانی ئەو ســـەردەمە زۆرتر لەوانەی سەرەوە بوون و جیاوازیی گرینگیشـــیان لە بواری ئامانجەکان و کارەکانیاندا لە گەڵ یەکتر هەبوو. **سخن** وەک گۆڤارێکی ڕووناکبیرانە و خاوەن توێژینەوە لە گەڵ **گوهر** یا **بررســـی‌های تاریخی** کە بۆچوونێکـــی نەتەوایەتی مەزنخوازانەیان نوێنەرایەتی دەکـــرد، لە یەکتر زۆر جیاواز بـــوون. بەڵام تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە باســـەکەی ئێمەوە، واتە ســـەرهەڵدانی دوانەیی ڕەســـمی و مەحەللی هەیە، هەموو گۆڤارەکان خاڵێکی هاوبەشـــیان هەبوو. هەموویان جەختیان لە سەر گرینگیی زمانی فارسی و فەرهەنگی ئێرانی واتە فارسی دەکرد، بێ ئەوەی جێگایەکیان بۆ زمانەکان و فەرهەنگەکانی دیکە لە ئێران تەرخان کردبێت. (ئێستاشـــی لە گەڵ بێت ئێران و فارســـی لە جێگای یەک بەکار دەبرێن). بۆچوونی ئەدەبیی ئەوانە بۆ زمان و ئەدەبیاتی دیکەی غەیری فارســـی لە باشـــترین حاڵەتدا دۆستانە، بەڵام لە باری فەرهەنگییەوە ئەوانەی لە خۆدا دەتواندەوە و دیکردنە بەشێکی خۆ بێ ئەوەی سەربەخۆ مامەڵەیان لە گەڵ بکات. ئەمە بەو مانایەیە کە بۆ نموونـــە ئەدەبیاتی کوردی بۆی هەبوو خۆی بنوێنێت، بەڵام تا ئەو جێگایەی نەبێتە هەڕەشە بۆ پێگەی بەسەروەر ناسراوی ئەدەبیاتی فارسی. بە مانایەکی دیکە، پاشماوە و دامرکاو بێت نەک بەوجۆرەی لە فارسیدا دەوترێت ببێتە تەکوینیی یان خولقێنەر. لە خوارەوە نموونەی زۆرتر دەهێنمەوە. بەڵام وەک نموونەیەک مەبەست ئەوەیە کە بۆت هەیە داییمە گۆرانییەکی حەســـەن زیرەک بلێیتەوە یا مۆســـیقا و کەلەپوور لە چوارچێـــوەی «مەحەللی»دا بهێڵیتەوە. بەڵام ئەگەر ئـــەو بەرهەمە فەرهەنگییانە لە

خزمەت گەشەی پێگەی فەرهەنگی و سیاسی و هونەریدا (وەک سروودی نەورۆزی حەســەن زیرەک) بەکار بهێنرێت یا ڕەخنەی هونەریی ســەرهەڵبدات و داهێنانی هونــەری و ئەدەبی بەدواوە بێت، ئــەوا فەرهەنگی هێژمۆنیک و زاڵ (بە دامەزراوەی بینــراو و نەبینراویەوە) کاردانەوەیــان دەبێت. دیارە ئەم ڕوانینە، خاڵی هاوبەشــی فەرهەنگیی فراوان لە نێوان فەرهەنگەکان و زمانەکانی ناو ئێراندا لە چاو ون ناکات. بەڵام ئەو ڕاســتییە واتە خاڵی هاوبەشــی فەرهەنگیی لەوانەیە هەمیسان لە لایەن فەرهەنگی زاڵەوە بۆ ئەوە بەکار بهێنرێت کە پێویســت ناکات لە بواری فەرهەنگ و زمانەکانی دیکەدا لە مەحەللی واوەتر شــتێک بکرێت، چوونکوو هەموومان خزمەتی فەرهەنگی ئێران دەکەین.

لەو ســەردەمەدا، کاردانەوە لە بەرامبەر فەرهەنگــی ئافرێنەردا چۆن ڕوو دەدا؟ لەو ســەردەمەدا هیچ قانون و ڕێســایەکی تونــد و توڵی ئەدەبی یــان نیهادی بۆ بەرگــری کردن لە چالاکیی ئەدەبــی کوردی (و هەروەها ئەوانــی دیکە) لە ئارادا نەبوو. بەڵام ســنوورەکانی «ڕێگە پێــدراو» و «ڕێگە پێنەدراو» لە ڕێگای هێژمۆنییەوە هەموو جارێ دیاریی دەکرانەوە. واتە تێگەیشــتنی زاڵ یا «هەستی گشتی» جۆرێک لە ڕێســای نەبینراو و نەنووســراوی دەکردە باو. ئەدەبیاتی فارســی لە ســەر پەرە ئەســتاندنی خۆی و داپۆشــانی ئەدەبیاتەکانی دیکە بەردەوام بوو و بەرهەمەکانی جەختی لە ســەر زمانی فارسی وەک زمانی نەتەوایەتی و ڕەسمی ئێران دەکردەوە. لــە بەرامبەر ئەمەدا، ئەدەبیاتی کوردی بێبەری بوو لەو ســتراتژی و پلاتفۆڕمانە کە زمانی فارســی لە بەردەســتیدا بوون. لە ئاکامدا، جۆرێک لــە ئەدەبیاتی کوردی لە لایەن ئەدەبیاتی پەڕاوێزخەری ســەردەمەوە نوێنەرایەتی دەکرا. ئەمە ئەو ڕاستییەی دەردەخســت کە لــە لایەک پانتایی چالاکیــی ئەدەبــی و فەرهەنگیی کوردی لە چوارچێــوەی فەرهەنگی هێژمۆنیکدا قەتیس دەکرا و لە لایەکی دیکەوە ئەو پانتاییە نەک لە ڕێگای زەبروزەنگەوە بەڵکوو لە ڕێگای ڕاکێشــانی ڕەزایەتی خۆبەخشــانەی ڕای گشــتی بۆ جۆرێک لە تێگەیشــتن دیاریی دەکرا. ئەو تێگەیشتنە بریتی بوو لە

پێناسەکردنی زمانی فارسی وەک سەروەر و بەهەمان شێوە دابەزاندنی زمانەکانی دیکە بۆ «مەحەللی» و «گویش» کە لەو تێگەیشتنە گشتییەدا پلەیەکی نزمتریان نوێنەرایەتی دەکرد. بە پێی ناوەرۆکی گۆڤارەکانی بەشی ئەدەبیاتی زانکۆکانی تاران و تەوریز کە لە سالەکانی دەیەی ١٣٤٠ و ١٣٥٠دا بڵاوکراونەتەوە، ئەدەبیاتی کوردی خۆی لە سێبەری ئەدەبیاتی فارسیدا دەبینێتەوە. هەڵوێستی دۆستانە و بەپەرۆشی ئەو گۆڤارانە بەرامبەر بە ئەدەبیاتی کوردی، هەم هاندەرانە و هەم خۆپارێز بوو —چەمکی «ئەدەبیاتی کوردی» نەک لە لایەن گۆڤارەکانەوە بەڵکوو لە لایەن خوێندکارانی کوردزمانی ئەدەبیات بەکار دەبرا. کەوابوو، هێژمۆنی فەرهەنگیی فارسی، خولقێنەری بارودۆخێک بوو کە تێیدا، هەر وەک ڕەیمۆند ویلیامز دەڵێ، شکڵەکانی فەرهەنگی «پاشماوە» [ی کوردی] بەرامبەر گەلێک لەمپەری مەزن (واتە تێگەیشتنە فەرهەنگییەکانی نەبینراو) دەبووەوە تا نەبێتە فەرهەنگی «خولقێنەر» (تکوینی): بۆ وێنە ئەو جۆرە فەرهەنگەی کە بەرهەڵستی ئەو بیرۆکە یا نەریتە ببێتەوە کە بۆتە باو.[١]

## بەرخۆدانی فەرهەنگی

سەرەڕای ئەوەی سەبارەت بە لەمپەرەکانی بەردەم بەخولقێنەرکردنی فەرهەنگ لە سەرەوە باس کرا، ڕەوتی نوێسازیی ئێران لەو سەردەمەدا نەسڵێکی نوێ لە چالاکانی فەرهەنگی و سیاسی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بەرهەم هێنا کە بەگژ لەمپەرەکاندا دەچوونەوە و هەوڵیان دەدا لە ڕێگای بیرۆکە نوێ فەرهەنگییەکان ئەدەبیاتی کوردی گەشە پێ بدەن.[٢] بەڵام دیکتاتۆریی تا ئاستێکی بەرز بەرهەمە فەرهەنگییەکانی ئەو نەسڵەی بەرتەسک دەکردەوە. بواری ڕووناکبیریی گۆڤارە فارسییەکانی سەربەخۆ لە دەوڵەت لە دەور ئەدەبیاتێکدا گەشەیان دەکرد کە خاوەن پێگەیەکی هێژمۆنیک

1. Williams, Problems in Materialism and Culture, 40-41.
2. Abbas Vali, The Forgotten Years of Kurdish Nationalism in Iran (Switzerland: Palgrave, 2019).

بوو کە بە شـێوەیەکی سیسـتەماتیک لە لایەن دەوڵەتەوە لـە ڕێگای پەروەردە و بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پاڵپشتی دەکرا. ئەمە بەو مانا نییە کە کەسانێک وەک سەعید نەفیسی و ئەوانەی وا گۆڤارە ئەدەبییەکانیان بەڕیوە دەبرد، بە ئانقەست چاویـان لە ئەدەبیاتی دیکە قوچاندبوو یا بۆچوونـە ئەدەبی و ڕووناکبیرانەکانیان لە سەر بنەمای ڕەوایەتێکی دوژمنانەدا دامەزراندبوو. هۆکاری پەرواێزخستنی ئەدەبیاتی خەڵکانی دیکە لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە بیرۆکەی توێژینەوەی فرە فەرهەنگیی و بەراوردکاریـی لە بەرنامە و بلاوکراوەکانیاندا شـوێنێکی نەبوو. ڕەوایەتێکی ئێرانی کـە بەردەوام بوو لە بەکارهێنانی «ئێران» و «فارسـی» لـە جیاتی یەکتر، بەرهەمی کەسایەتی ئەوتۆی پێک دەهێنا.

گۆڤارە ئەدەبییەکانی بەشـی ئەدەبیاتی زانکۆکان بێبەری لە توێژینەوە لە سـەر ئاڵوگـۆڕە فەرهەنگییـەکان بوون کە لەو سـەردەمەدا پەیوەندی بـە خەڵکانی ناو ئێرانەوە هەبوو. بەڵام بەرزکردنەوەی فەرهەنگ و زمانی فارسـی بەشـێکی گرینگی ئەو گۆڤارانەی پێک دەهێنا. بۆ وێنە، سـەرنجێکی کورتی گۆڤاری بەشی ئەدەبیاتی زانکۆکانی تاران و تەورێز بە ناوی **نشـریه دانشـکده ادبیات دانشگاه تهران/دانشگاه تبریز**، دوو ڕەوت پیشـان دەدەن. یەکەم، ئێران و هەر شـتێکی فارسـی لە جیاتی یەکتر بەکار دەبرێن بەجۆرێک کە زمان و فەرهەنگی فارسـی وەک کاکڵەی زمانیی و فەرهەنگی ئێران پێناسە دەکرا کە زمانەکان و فەرهەنگەکانی دیکەی ناو ئێران لە دەور ئەودا دەخولانەوە. نەفیسی لە وتارێکدا لە ساڵی ١٩٥٩دا لە سەر ئەوە جەخت دەکات کـە چلۆن زمان (لێرەدا مەبەسـت زمانی فارسـییە) گرینگترین ئامرازە بۆ هـەر میللەتێکی هاوچەرخ. لە درێژەدا هەموو کەس هان دەدات تا بۆ «پاراسـتن و پەرەپێدانی ئەو زمانە وەک گرینگترین ئەرکی نەتەوییان» هەوڵ بدەن».[١]

مەیلـی دووهەم پەیوەندەی بە نەبوونی «ئەدەبیاتی کـوردی» (و ئەدەبیاتەکانی دیکە جگە لە فارسـی) وەک بوارێکـی توێژینەوە یا بابەتێکـی ئەدەبی هەیە. ئەم

---

١. سجادی، سعید نفیسی.

مەیلە بە ڕوونی گۆڤارە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەی پێناسە دەکرد. بۆ وێنە، بە درێژایی سەردەمی جێی باسی ئێمە لێرەدا، گۆڤاری ئەدەبی زانکۆی تاران بە ڕادەیەکی زۆر بەرتەسک باسی ئەدەبیاتی کوردی دەکات، ئەویش لە پەیوەندی لە گەڵ «گویش‌های ایرانی» (زاراوە ئێرانییەکان).[1] ئەگەرچێ توێژەران باسی هەبوونی مەترسی سڕینەوەی زاراوەکان دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا لە بیریان ناچێت، بۆ وێنە، کە «لە ناو زمانە ئێرانییەکاندا، زمانی فارسی پلەیەکی شکۆداری [مقام ارجمند] هەیە. ئەم زمانە مەزنە نوێنەرایەتی شارستانییەتێکی مەزن دەکات و لە جێگای خۆیدا لە دونیادا بێ وێنەیە».[2]

بەڵام فەرهەنگ بە مانای سەرچاوەی خۆزاڵکردن، هەروەها دەبێتە هاندەری بێبەشان بۆ بەرخۆدان. هەر وەک لە نموونەی چالاکانی فەرهەنگی و ئەدەبی (و سیاسی) کورد دا دەر دەکەوێت، بەرگریی لایەنێکی جیانەکراوەیە لە ڕەوتی گۆڕانکاریی فەرهەرنگی لە هەر سەردەمێکدا. هەوڵەکانی سیستەماتیک بۆ بەهێزکردنی فەرهەنگی فارسی هاوکات بوو لە گەڵ هەوڵی کەسانێکی دیکە بۆ گەشەپێدان بە ئەدەبیاتی کوردی. لەو ساڵانە لە زانکۆکانی ئێراندا، کەسانێک وەک قادر فەتاحی قازی، عوبەیدوڵا ئەییوبیان و عەبدولحەمید حوسەینی بەردەوام وتاری سەرنجڕاکێشیان سەبارەت بە کەلەپوور و حەماسە و شێعر و فەرهەنگ دەنووسی. زۆرێک لەمانە لە گۆڤاری دانشکەدەی ئەدەبیاتی تەورێزدا چاپ کران. لە چەندین ژومارەی ئەو گۆڤارەدا، ئەییوبیان **مەم و زین**، بەرهەمی ئەحمەدی خانی بۆ سەر فارسی هەڵگێڕایەوە و وەک حەماسە دەیناسێنێت.[3] چاپ و نووسین لە سەر «تەقویمی کوردی» هەوڵێکی دیکەی ئەوە. هاوکات لە گەڵ هەوڵی کەسانی دیکە، ئەو تاقمە لە خوێندکاران بە درێژایی ساڵەکانی دەیەی ۱۳۴۰ و ۱۳۵۰دا خزمەتێکی زۆری

---

۱. بۆ وێنە بڕوانە، د.م. اختیار، «شیوه بررسی گویشها»، نشریه ادبیات دانشکده تهران، سال ۱۲، شماره ۲ (۱۳۴۳)؛ د. ب. فروشی، «زبانهای ایرانی در خارج از ایران»، نشریه ادبی دانشکده تهران، سال ۱۲، شماره ۴-۳ (۱۳۴۴).

۲. فروشی، زبانهای خارج از ایران، ۳۲۶.

۳. عبیدلله ایوبیان، «بررسی تحقیقی چریکه مەم و زین»، نشریه ادبیات دانشکده ، تبریز، سال ۱۳، شماره ۲ (۱۳۴۰).

ئەدەبیاتی کوردییان کرد. بەڵام وەک ڕەخنەیەکی پێکهێنەر و گونجاو کە دەتوانێت خزمەتی باسەکەی ئێمە بکات و بۆ ئەورۆ کەڵکی هەبێت، دەبێت ئاماژە بە خاڵێکی گرینگی بکرێت. هەوڵە باشەکانی تاقمێکی ئەوتۆ سەرنجیان بۆ لای ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردیدا ڕادەکێشا، ئەویش لە هەلومەرجێکی نالەبار و بێبەهرەمەند بوون لە سیستەمێکی تێروتەسەل (کە ئەدەبیاتی فارسی قازانجی لێ وەردەگرت). سەرەڕای ئەمە، بەرهەمەکانیان کە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا قەتیس مابوو و لە لێکۆڵینەوەیەکی جوانناسییانەی ئەدەبیاتی کوردی زۆر واوەتر نەدەچوو. واتە بەرهەمەکان، زۆرتر تیشکیان دەخستە سەر پاشماوەی فەرهەنگی (لە سەرەوە باس کرا) و ئافرێنەر نەبوون. ئەو بەرهەمانە لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی مەرزەکانی هێژمۆنی و سەرکوت بوون، واتە بە پێی فەرهەنگی باو (و نەک ئیلزامەن سەرکوتی دەوڵەت یا قانوونێکی دیاریکراو) چی بۆی هەبوو و چی بۆی نەبوو کە بنووسرێت و چاپ بکرێت.

وەرگێڕاوی فارسی **مەم و زین**، نموونەیەکی باشە بۆ ئاماژە کردن بە فەرهەنگی پاشماوە کە لە بەرامبەر فەرهەنگی ئافرێنەر تەحەمول دەکرێ. ئەو بەرهەمە لە نیوەی دووهەمی سەدەی هەڤدەدا نووسراوە و مەبەستی سەرەکیی ئەوەیە کە کورد وەک خەڵکێک کە خاوەن زمان و مێژووی خۆیەتی بناسێنێت؛ واتە هەڵگری پەیامێکی سیاسییە. **مەم و زین** ڕاستەوخۆ بانگەوازی **دەوڵەتێکی** کوردیی دەکات. بەڵام وەرگێڕاوە فارسییەکە خۆی لەو باسە نادات و ئەمە بەو مانایە کە زەق کردنەوەی وەها لایەنێک لەو بەرهەمەدا، هەڵنەکەریی فەرهەنگی بەرامبەری لێ دەکەوتەوە و لەوە ناچێ کە مەجالی چاپی لە گۆڤارێکی وەهادا بۆ ڕەخسابایە. بۆ ڕوونترکردنەوەی ئەوەیکە چی تەحەمول دەکرێ و چی ناکرێ (بێ ئەوەی قانوون یا مەترسی زەبری دەوڵەت هەبێت)، چەند نموونەیەکی سەرنجڕاکێش بهێنینەوە. باسێکی ڕووداوناسانەی وەکوو ئەوەی کە مادەکان پێش هەخامەنشییەکان دەژیان و دەسەڵاتی زۆریان بە سەر ناوچەکەدا هەبوو و هتد، لە لایەن دەسەڵاتەوە یا لە

هەستی گشتیدا تەحەمول دەکرێ. بەڵام ئەگەر مادەکان وەک سەرچاوەی میللەتی کورد لە ئێستادا ناو ببرێت، ئەوا کاردانەوەی توندی فەرهەنگی زاڵی بەدواوە دێت. وەک نموونەیەکی دیکە، «ئوستانی کوردستان»، کە لە خۆیدا کردەوەیەکی لەتکەری ناوچەی کوردنشین لە ئێراندایە، بۆی هەیە لە ئێراندا پێک بێت و (بە پێچەوانەی تورکیا) لە لایەن دەوڵەتەوە تەحەمول بکرێت چوونکوو کورد لە لایەن گوتارەکانی دەسەڵاتەوە داییمە وەک لایەنێکی گرینگی ناسنامەی ئێرانی پێناسە کراوە. بەڵام، ماناکردنی «کوردستان» وەک نیهادێکی سەربەخۆ، ململانێی لە گەڵ سیستەمی زاڵدا بەدواوە دێت؛ و لە جێگای خۆیدا هەروەها دەبێتە هەڵخڕێنەری سەرکوت و حوزووری فیزیکیی دەوڵەت.

بە دەرسوەرگرتن لە بۆچوونەکانی ویلیامز، دەبێ دوو خاڵی گرینگ باس بکەین. یەکەم، فەرهەنگی هێژمۆنیک بەردەوام تواناییەکانی تەحەمولکردن و لەخۆتوانەوەی جیاوازیی و بەرخۆدان تازە دەکاتەوە. ئەگەرچی هەر وەک لە سەرەوە باس کرا، مسۆگەربوونی هێژمۆنی فەرهەنگیی بەمانای وەلانانی هێزی سەرکوت نییە، بەڵکوو لە کاتی خۆیدا بۆ سەرکوتی بەرگریی و هێرشی فەرهەنگیی پەڕاوێزخراوەکان بەکار دێت. هەتا ئەو کاتە، تاک دەتوانێت لە چوارچێوەی سیستەمی زاڵدا بەرامبەر فەرهەنگی زاڵ بێتەوە. بە بڕوای ویلیامز، **سیستەمی زاڵ تەنیا بە مانای ژمارەیەک بیروباوەڕ نییە، بەڵکوو سیستەمێکی ڕێکخراوی ماناکان و بایەخەکانە**. هەروەها، ئەو سیستەمە جۆرگەلێکی دیاریکراو لە ئۆپۆزیسیۆن لە خۆیدا دەتوانێ جێ بکاتەوە، بەجۆرێک کە «سەرەڕای ئاستی کێشمەکێشی ناوخۆیی و جیاوازییەکان، ئەوانە چوارچێوەی پێناسە زاڵەکان نابەزێنن».[1] سەرنج بدەنە ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرەتای ٢٠٠٠/١٣٨٠دا باسی لە دەرکردنی کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی سۆرانی کرد؛ یا کۆنگرەی مەشاهیر مەجالی هەیە دابنرێت، یا لە دانشگای کوردستان ئەدەبیاتی کوردی هەیە و نموونەی دیکە بەم جۆرە. کەوابوو، بەرهەمەکانی

1. Williams, “From Base and Superstructure,” 39.

تاقمـــی خوێنـــدکاران و چالاکانی ئەدەبی لە زانکۆکانی ئێران لە ســـاڵەکانی دەیەی ۱۳۴۰ و ۱۳۵۰دا، لـــە چوارچێوەی مەرزەکانی فەرهەنگی زاڵدا دەمانەوە، هەرچەندە کـــە بەرهەمەکان بایەخی خۆیان هەبوو. لەبەر ئەمەیە کە فەرهەنگی زاڵ تەحەمولی کارەکانی ئەوانی دەکرد.

دووهەم، هـــەروەک توێژینەوەکانی تیۆرییەکانـــی دواداگیرکاریی پێمان دەڵێن، بۆچوونی جیاواز لە سەر جیهان لەوانەیە مەجالی هەبێ خۆی دەربخات. بەڵام ئەمە هاوکاتـــە لە گەڵ تێگەیشـــتنێکی هێژمۆنیکی ئەو جیهانە کـــە لە ڕێگای خوێندنی هاوچەرخەوە جێ دەخرێ و خۆی وەک «زانیاریی عەینیی» و عەقڵی گشتی کۆمەڵگا دەناسێنێت. ئەو جیاوازییانە لە بۆچووندا پەیوەندی بە سیستەمی بایەخەکانەوە هەیە. واتە ئەو سیســـتەمەی کە لە بەرامبەر ڕووداوەکان (وەک داگیرکاریی یا کۆلۆنیالیزم) کاردانەوە پیشـــان دەدەن. بۆ وێنە، تاکەکان لەوانەیە ڕەخنە لە هەلومەرجی نالەباری داگیرکاریی لە ئەفریقادا بگرن، بەڵام هێشتا تێگەیشتنێکی ڕەگەزپەرستانە لە جیهانیان هەبێت یان گەشـــەی مێژوویی لە ڕوانگەی دوانەیی دواکەوتوو و پێشکەوتووەوە لێک بدەنەوە.

هەر لە شـــەڕی دووهەمی جیهانیی بەملاوە، زۆرێک لـــە چالاکانی فەرهەنگی، ئەدەبی و سیاسی کورد، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر لە بەرامبەر پێگەی هێژمۆنیکی زمان و فەرهەنگی فارســـیدا وەستانەوە. پەرە ئەســـتاندنی خوێندنی نوێ، ژمارەی خوێندکارانی کوردی لـــە زانکۆکانی ئێراندا زیاد کرد. لایەنەکی گرینگی بەرخودانی فەرهەنگـــی بریتی بوو لە بەکارهێنانی وشـــیارانە یا ڕێکخـــراو و ناڕێکخراوی زمانی کوردی لە چالاکییە فەرهەنگییەکاندا. لە ئاستی ڕێکخراوەییدا، چالاکیی فەرهەنگیی لە ســـەرەتای دەیـــەی ۱۳۴۰ەوە لە لایەن خوێندکارانی کـــورد لە زانکۆکان بەڕێوە دەچوو.[۱] یەکیەتی خوێندکارانی کورد بەردەوام کۆدەبوونەوە، کتیبیان بڵاو دەکردەوە،

۱. یەدێ بیگلەری، «شۆڕشی سپی و کوردستان»، وتووێژ لە گەڵ نووسەر، ۶ جولای ۲۰۱۷؛
Ali Ezzatyar, The Last Mufti of Iranian Kurdistan: Ethnic and Religious Implications in the Greater Middle East (New York: Palgrave, 2016), 82.

چالاکی ســـەمبولیکی وەک جەژنی نەورۆز و ســـالوەگەڕی کۆماری کوردســـتان لە مەهابادیان بەڕێوە دەبرد، یا قاموســـی کوردییان دەنووسی.[1] کۆبوونەوەی بەردەوام لە سەر ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردی لە ماڵی حاجی ڕەحمانئاغای مۆهتەدی لە تاران بەڕێوە دەچوو کە خۆی مامۆســـتای بەشـــی ئیلاهیاتی زانکۆی تاران بوو.[2] ڕەحمان ئاغا وەزیرێکی پێشـــوی کۆماری کوردستان و سەر بە بنەماڵەیەکی ناسراوی مڵکدار بوو. ئەو کاریگەرییەکی زۆری لە ســـەر ئەو نەســـڵە لە خوێنـــدکاران دانا. چالاکییە فەرهەنگییەکانـــی ئەو پۆلە بەناچار سیاســـیش بوون و چالاکوانـــان پەیوەندییەکی نزیکیـــان لە گەڵ بزووتنەوەی کورد لە عێراق یا لە گـــەڵ ڕێکخراوە چەپەکانی ناو ئیران هەبوو.[3] لە ئاســـتێکی جەماوەریتردا، مامۆســـتایان و چالاکانی دیکە دەورێکی گرینگیان لە بەرخۆدانی فەرهەنگی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە فەرهەنگییەکاندا گێڕا. ئەوان قازانجێکی زۆریان لە مۆســـیقا و شێعری کوردی دەبرد کە هەروەها لە ڕێگای وێســـتگە جۆربەجۆرەکانی ڕادیۆ لە ناوچە و لە ناوخۆدا بلاو دەبوونەوە.[4] ئەم نەســـڵە کەســـانێکی بەرچاویان تیا هەڵکەوتبوو. ســـمایلی شـــەریفزادە (١٩٦٨-١٩٤٢) لەو خوێندکارانە بوو کە دواتر یەکێک لە ڕێبەرانی شۆڕشـــی ســـاڵەکانی کۆتایی دەیەی ١٩٦٠/١٣٤٠ بوو. ســـوارەی ئیلخانیزادەی شاعیر لە ڕێگای بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی ڕادیۆی کوردی تاران و کرماشان کە خێرا سەرنجی جەماوەری بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بوە کەسێکی ناسراو لە ئەدەب و شێعری کوردیدا. ئەحمەد موفتیزادە یەکێکی دیکە لەو خوێندکارانە بوو کە لە نیوەی ســـاڵەکانی دەیەی ١٣٥٠ ئیتر لە بەر بۆچوونێکی ئایینی لەوانی دیکە جیا ببوەوە و وەک کەســـایەتییەکی ئایینی بە تایبەت لە شاری ســـنە و ڕەخنەگرێکی ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم ناسرا. کاتێک کە موفتیزادە بوە زاوای ڕەحمانئاغا، ئیتر چالاکێکی ناســـراوی سیاسی بوو. کاتێکیش سوارە لە ڕووداوێکی

---

١. بیگلەری، وتووێژ.

٢. هەمان سەرچاوە؛

Ezzatyar, The Last Mufti, 82.

٣. بیگلەری، وتووێژ.

٤. ڕەحیم ئەمینی، «شۆڕشی سپی و کوردستان»، وتوویژ لە گەڵ نووسەر، ١٠ جولای ٢٠١٧.

هاتووچۆدا کۆتایی بە ژیانی هات، موفتی‌زادە لە ڕێگای نوتقێکی بەهەستەوە، بۆنەی بەخاک‌سپاردنەکەی ئەو شاعیرەی سیاسی کرد.[١] ئەگەرچی ئەوان دوو کەسایەتی جیاواز بوون، بەڵام هەردووکیان لە ڕێگای ئامرازەکانی نوێی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە ناوبانگی خۆیان بەدەست هێنابوو: شاعیر لە ڕێگای بەرنامەی **تاپۆ و بوومەلێڵ**؛ ڕەخنەگری ئایینی لە ڕێگای بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی سنە لە کاتی ڕەمەزاندا.[٢] هاوکات، ڕادیۆی کوردیی کرماشان لە ڕێگای بەرنامەگەلێکی وەک **کاروانی شێعر و مۆسیقا** کە لە کۆتایی دەیەی ١٣٤٠دا بڵاو دەبووەوە، حەزی جەماوەریی بۆ ئەدەبیاتی کوردی زیاد کرد.[٣] هەروەها ڕووداوگەلێکی سیاسیی وەک شۆڕشی بارزانی و شۆڕشی شەریفزادە ـ مۆعەینییەکان، چالاکیی فەرهەنگیی و ئەدەبیی پەرە پێدا و سەرنجی جەماوەرێکی زۆرتری بۆ لای زمان و فەرهەنگی کوردیی ڕادەکێشا. دەوڵەت بۆ خۆی لە تاران ڕۆژنامەیەکی بە ناوی **کوردستان** لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٩ و ١٩٦٣دا بڵاو دەکردەوە. لە باری ناوچەییەوە، ئامانجی سەرەکیی ڕۆژنامەکە خزمەت بە سیاسەتەکانی دەوڵەتی پەهلەویی لە پەیوەندی لە گەڵ کێشمەکێشەکانی لە گەڵ دەوڵەتی عێراقدا بوو. لە باری ناوخۆییشەوە، ئەو ڕۆژنامە هەوڵی دەدا تا سەرچاوەکانی بلاوکردنەوەی زانیاریی سەبارەت بە کورد کونترۆڵ بکات.[٤] سەرەڕای ئەمانە، چالاکانی کورد لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی شێعر و وتارەوە، ئەو ڕۆژنامەیان بۆ گەشەی فەرهەنگ و ئەدەبیی کوردی بەکار دەبرد. ئەمە بۆ بەرنامەکانی ڕادیۆکانیش هەربەوجۆرە بوو. واتە شاعیران و خوێندکاران ڕادیۆیان بۆ ئامانجی خۆیان (و نەک دەوڵەت) بەکار

---

1. Ezzatyar, The Last Mufti, 108.

٢. بڕوانە: سوارە ئیلخانی‌زادە، تاپۆ و بوومەلێڵ (تهران: پانیذ، ١٣٧٩)؛
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=2012061016514969014;
Ezzatyar, The Last Mufti, 107; Marouf Cabi, "The Last Mufti of Kurdistan and Its Revision of Kurdish History," Journal of Ethnic and Cultural Studies 6, no. 3 (December-2019). DOI: https://doi.org/10.29333/ejecs/218.

٣. ئەمینی، وتووێژ.

٤. «ڕەگەزی کورد»، **کوردستان**، ٦ مەی ١٩٥٩؛ «دەنگ و باسی کوردستانی ئێراق»، **کوردستان**، ٢٤ ئۆکتۆبر ١٩٦٢. ئەم ڕۆژنامەیە کە لە تاران چاپ دەبوو، هەروەها لە مانگەکانی کوردیی بۆ تاریخی بلاوکراوەکانی کەڵکی وەردەگرت. بۆ وێنە بۆ ٦ مەی ١٩٥٩ هەروەها ٢٥ گوڵانی ٢٥٧١ و ١٥ اردیبهشت ١٣٣٨ی بەکار هێناوە.

دەبرد. وەک نموونەیەکی دیکە، ئەمیر حەسەنپوور (١٩٤٣-٢٠١٧) کە دواتر بوە پرۆفێسۆری بەناوبانگ لە بواری توێژینەوە لە سەر زمان و مێژووی کورد، بەردەوام لە بەرنامەی **تاپۆ و بوومەلێل**دا بەشداری دەکرد.[١]

بەمجۆرە، سەردەمی پەهلەوی دووهەم بە سەردەمی گەشەی خوێندنی نوێ و بەمیدیایی‌کردنی فەرهەنگ دەناسرێت. ئەوانە لە گەڵ لایەنەکانی دیکەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فکرییەکانی ئەو سەردەمە، مەجالیان بۆ گەشەی بەرخۆدانی فەرهەنگی کوردی دەڕەخساند. لە ڕاستیدا، ئەو بەرگرییە فەرهەنگییە هۆکارێکی گرینگیی دیکە بوو بۆ ئەوەی ڕووناکبیرانی ئێرانی لەو سەردەمەدا جەخت بکەنە سەر زمان و فەرهەنگی «مەحەللی».

١. بیگلەری، وتووێژ. لە دەرەوەی ئێرانیش ڕۆژنامەی **کوردستان** ناوبەناو لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٦ و ١٩٧٩ دا بڵاو دەبووەوە.

## کۆبەند

کـــۆی گۆڕانکاریی بنەڕەتی و بێ‌وێنە لە ئاســـتی کۆمەڵایەتی، ئابووریی، فەرهەنگی و ڕاگەیانـــدن لە نێوان ســـاڵەکانی دەیـــەی ١٣٣٠ و ١٣٥٠، ئەو بەســـتێنەیە کە لـــە ناخیدا دوانەیی هێژمۆنیکی ڕەســـمی و مەحەللی ســـەری هەڵێنا. ئەو دوانەییە خاوەن پێشـــینەیەکی درێژخایەنی فەرهەنگی و سیاسی و فکریی بوو کە ڕیشەکەی دەگەڕایەوە بۆ ســـەرەتای سەدەی بیستەم و بە تایبەت سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێی ئێران و ڕەوتی قەوارەگرتن و جێخستنی ئەو دەوڵەتە لە باری فەرهەنگییەوە.

هەبوونی زمانەکان و فەرهەنگەکانی دیکە لە ئێران (ســـەرەڕای خاڵی هاوبەشیان لـــە گەڵ زمـــان و فەرهەنگی بەهێژمۆنی‌کـــراو) لە لایەک، و بەرخـــۆدان و خەبات (لـــە نموونەکەی ئێمەدا) بۆ گەشـــەی فەرهەنگی کوردی، لـــە لایەکی دیکەوە، ئەو هۆکارانەی دیکەن کە نەتەوەیی بوونی زمانی فارســـی بۆ ئێرانیان بەردەوام دەخستە ژێر پرســـیارەوە. ئەمانە ئەو گوشـــارانە بوون کە ڕەســـمی بوونی زمانی فارسی کردە بەدیلێـــک. بەهەمـــان ڕادە گرینگ، نوێســـازیی فەرهەنگیی دەوڵـــەت کە بۆچوونی بوومی‌گەرایی و بیرۆکەی فەرهەنگی پاراو بە بەرۆژاوایی‌کردنی دەناساند، ڕەخنەگرانی

فەرهەنگی لەو بوارەدا هاندا تا لە ڕێگای جەختکردن لە سەر زمانە مەحەللییەکان، بەدیلێک بۆ پاراســـتنی «فەرهەنگی ئێرانی» (واتە ئەوەی زۆرتر فارسی بوو) بدۆزنەوە؛ لەبەرئـــەوەی بە بـــڕوای ئەوان، ئەوە زمـــان و فەرهەنگە مەحەللییـــەکان بوون کە دەیانتوانی ببنە لەمپەرێک لە بەرانبەر «هێرشـــی فەرهەنگی ڕۆژاوا» و سەرچاوەیەک بـــۆ بووژاندنەوەی ئـــەو فەرهەنگەی وا ئەوان بە ئێرانی ناویـــان دەبرد. هەموو ئەمانە ئاکامەکانی دوو ڕەوتی هاوکاتی نوێســـازیی کۆمەڵایەتـــی ـ ئابووریی و فەرهەنگیی بـــوون کە کارتێکردنێکی دیالکتیکییان هەبوو و کۆمەڵگای نوێی ئێرانی شـــکڵ پێ دەدا. بەم شـــێوەیە کە دەســـتەواژەکانی «مەحەللی»و «ڕەســـمی» دەبنە **چەمک** کە نوێنەرایەتـــی دیاردەیەکی دیاریکراو دەکەن و دوو بەشـــی دوانەییەکی هێژمۆنیک پێک دەهێنن. پێگەی هێژمۆنیکی ئەو دوانەییە لەو بیرۆکانەوە سەرچاوەیان دەگرت ( و هێشـــتا دەیگرن) کە ســـەرچاوەی ڕەوابوونی ئەو زمانەی وا بە ڕەسمی دەناسرا، دەبـــردەوە بـــۆ دەوڵەمەندبوونی ئەو زمانە و پێشـــینەیەکی مێژوویی درێژخایەن کە لانیکەم لە ســـەردەمی سامانییەکان لە هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە دەستی پێ کردبوو. لـــەو ڕەوایەتە مێژوویی و زمانییانـــەدا، زمانەکانی دیکە گوایە خاوەن ئەو پێشـــینە دەوڵەمەندە نەبوون تا ببنە زمانی پـــەروەردە. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە چەمکی هێژمۆنی وەک قبووڵ کردنی خۆبەخشـــانەی باوەڕێک، گرینگیی باســـەکە لەوەدایە کە ئەو بیرۆکە و ڕەوایەتانە لە دەور زمانی ڕەســـمی جەماوەریی کران و بەگشتی لە لایەن زۆربەی کۆمەڵگاوە وەک ڕاســـتیی وەرگیران. ئەو کاتەی وا زۆبەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە نەخوێندەوار بوون، دەسەڵاتی سیاسی و گوتاری دەسەڵات لە بەستێنێکی دیاریکراودا و بە پشتبەستن بە ئامرازەکانی نوێی ڕاگەیاندن (تەلەفزیۆن و سینەما)، خاوەن ئەو هێزەبوون کە بتوانن ڕەوایەتە نەتەوییە مەزنخوازەکان جەماوەریی بکەن. خوێندنی نوێ (کە بە فارســـی بوو) لەو ڕەوتەدا بوە لایەنێکی گرینگی سیســـتەمی ماناکان و بایەخەکان.

بۆیە ڕەچەڵەکی دوانەیی ڕەســـمی و مەحەللی لە ســـەردەمی هاوچەرخدا دەبێ

لە بەستێنی ئاڵوگۆڕە فەرهەنگییەکان و پێکدادانە فەرهەنگییەکان لە ئێرانی هاوچەرخدا دەست نیشان بکرێن. لەم بەستێنەدایە کە هێژمۆنی فەرهەنگێک بە سەر فەرهەنگەکانی دیکە لەو وڵاتەدا، لە ڕێگای ئەو ڕەوتانەی وا باس کران، مسۆگەر دەکرێ تا یەکیەتی ناسنامەیی، مێژوویی و جوگرافی ئێرانی نوێ بپارێزێت و مانایەکی نوێ بە ئێران ببەخشێت. هێژمۆنی فەرهەنگی فارسی پێویستی بە خۆقایمکردنی دەوڵەتی نوێ، جێخستنی پەروەردە و ئەدەبیاتی نوێی دامەزراو لە سەر زمانی فارسی و گەشەی ئامرازەکانی نوێی ڕاگەیاندن بوو.

تا ئەو جێگای دەگەڕێتەوە بۆ هێژمۆنی و سەرکوت، بەکەڵکوەرگرتن لە نموونەی **مەم و زین،** چالاکییەکان لە بواری فەرهەنگی کوردی لە سەردەمی پەهلەویدا تا ئەو جێگایە تەحەمول دەکران کە نەبنە هەڕەشە بۆ پێگەی ئەوەی بە ڕەسمی دەناسرا و ئەرکەکەی پارێزگاریی لە «"یەکیەتی نەتەوەیی» (وحدت ملی) بوو. بۆیە تا ئەو جێگایەی مەجالی گونجاندنی جۆرەکانی فەرهەنگی جیاواز لە فەرهەنگی هێژمۆنیکدا هەیە، ئەو جۆرە جیاوازیانە نابنە هەڕەشە بۆ سەر سیستەمی زاڵ. چوونکوو، «فەرهەنگی زاڵ خۆی دەگۆڕێ، [بەڵام] نەک لە پێکهاتەدا، بەڵکو لە تایبەتمەندییەکانیدا».[1] لە ڕاستیدا، لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا، فەرهەنگی زاڵ داییمە پێویستی بە گۆڕانی تایبەتمەندییەکانییەتی و لەوانەیە مەودای زۆرتر بۆ جۆرەکانی دیکە بڕەخسێنێت ڕێک لەبەرئەوەی بتوانێت زاڵ بمێنێتەوە.

لە ئاخردا دەبێ بڵێین کە ئامرازەکانی نوێی ڕاگەیاندن لە خزمەت یەکپارچەکردنی فەرهەنگیدا کاریگەر بوون. ئاکامی ئەمە هاوکات بریتی بوو لە بەنەهادینەکردنی زمان و فەرهەنگی فارسی وەک نۆڕم یان نەریت لە ژێر ناوی ڕەسمیدا، و پەڕاوێزخستنی زمان و فەرهەنگەکانی دیکەی وەک کوردی لە ژێر ناوی مەحەللیدا. بۆیە ئەو چەمکانە (کە ئیتر دەستەواژە نین و خاوەن مانای تایبەتن) نوێنەرایەتی هیچ ڕاستییەک ناکەن. لە هەستی گشتیدا، یەکیان ئاماژەیە بە هاوچەرخبوون،

---

1. Williams, Problems in Materialism and Culture, 28.

دەوڵەمەندبـــوون و خاوەن مێژوویەکـــی کۆنتر. ئەوی دیکە ئاماژەیـــە بە دواکەوتوو و لاواز و کۆن. لە پشـــت ئەو دووانەییەدا هەروەها دوانەیی هاوچەرخ و ســـوننەتی (کـــە لە دژی یەک بکار دەبرێن) جێی گرتـــوە. بۆیە لە فەرهەنگی «مەحەللی»دا، بۆ وێنە جلوبـــەرگ، خواردنەکان، دابونەریتەکان و زاراوەکان (تیلەکۆیی، سەرشـــیوی، مەنگـــووڕ، گەڵواخی و هتد) دەکەونە ژێر گوشـــاری دوانەیی دوو چەمکی دژبەیەک داتاشـــراوی هاوچەرخ و ســـوننەتییەوە. دوانەیی ڕەسمی و مەحەللی هەم سروشتی یەکپارچەکردنی فەرهەنگیی خۆی و هەم ئاکامی پەڕاوێزخەرەوەی بۆ فەرهەنگەکانی دیکە بەتەواوەتی دادەپۆشێت. وەک نموونەیەک بۆ ئەمە، ئامرازەکانی نوێی ڕاگەیاندن بوونـــە خولقێنەری ڕەزایەتی فەرهەنگیی لە ڕێگای کردنی زمانی فارســـی بە زمانی باو (عادی) بۆ ڕاگەیاندن، ئامرازی باوی پەروەردە کە زەمانەتی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی تاکی دەکرد، و هەروەها ڕێگایەکی باو بۆ بەدەســـت هێنانی ســـەرمایەی جۆربەجـــۆری فەرهەنگی. هەمـــوو ئەمانە بە زیانی فەرهەنگەکانـــی دیکە لە ئێراندا ڕوویان دەدا.

# سەرچاوەکان

## ئینگلیزی:


- Aghaie, Kamran Scot, and Afshin Marashi, eds. Rethinking Iranian Nationalism and Modernity. Austin: University of Texa, 2015.
- Amanat, Abbas. Iran: A Modern History. New Haven: Yale University Press, 2017.
- Amuzegar, Jahangir. Iran: An Economic Profile. Washington D. C.: Middle East Institue, 1977.
- Atabaki, Touraj, ed. Iran in the 20th Century: Historiography and Political Culture. London: I. B. Tauris, 2009.
- Atabaki, Touraj, and Erik J. Zürcher. Men of Order: Athoritarian Modernization under Atat*ü*rk and Reza Shah. 2000.
- Boroujerdi, Mehrzad. “Contesting Nationalist Constructions of

Iranian Identity.” Critique, no. 12 (March 1998).

- ———. Iranian Intellectuals and the West: The Tormented Triumph of Nativism. Syracuse: Syracuse University Press, 1996.
- Bourdieu, Pierre. Language and Symbolic Power. Cambridge: Polity Press, 1991.
- Cabi, Marouf. “The Duality of ‘Official’ and ‘Local’ in Modern Iran: Historical and Intellectual Foundations.” Middle Eastern Studies 57, no. 5 (2021): 777-92. https://doi.org/10.1080/00263206.2021.1891892. https://doi.org/10.1080/00263206.2021.1891892.
- ———. «The Last Mufti of Kurdistan and Its Revision of Kurdish History.” Journal of Ethnic and Cultural Studies 6, no. 3 (December-2019): 1-12.
- Chamanara, Behrooz. Kurdish *Šhāhnāma* and Its Literary and Religious Implications. Available at Amazon.co.uk, 2015.
- Cronin, Stephanie, ed. The Making of Modern Iran: State and Society under Reza Shah, 1921-1941. London: Routledge, 2003.
- ———. Social Histories of Iran: Modernism and Marginality in the Middle East. Cambridge: Cambridge University Press, 2021.
- Elling, Rasmus Christian. Minorities in Iran: Nationalism and Ethnicity after Khomeini. Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2013.
- Ezzatyar, Ali. The Last Mufti of Iranian Kurdistan: Ethnic and Religious Implications in the Greater Middle East. New York:

Palgrave, 2016.

- Hassanpour, Amir. “The Creation of Kurdish Media Culture.” In Kurdish Culture and Identity, edited by Philip Kreyenbroek and Christine Allison. London: Zed Books, 1996.
- ———. Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985. San Francisco: Mellen Press, 1992.
- Hassanpour, Amir, Tove Skutnabb-Kangas, and Michael Chyet. “The Non-Education of Kurds: A Kurdish Perspective.” International Review of Education 42, no. 4 (1996): 367-79.
- Hellema, Duco. The Global 1970s: Radicalism, Reform, and Crisis. New York: Routledge, 2019.
- Hoare, Quintin, and Geoffrey Nowell Smith, eds. Selections from the Prison Notebooks of Antonio Gramsci. London: Lawrence and Wishart, 1971.
- Kia, Mehrdad. “Persian Nationalism and the Campaign for Language Purification.” Middle Eastern Studies 34, no. 2 (1998): 9-36.
- Koohi-Kamali, Farideh. The Political Development of Kurds in Iran. New York: Palgrave, 2003.
- Marashi, Afshin. Nationalizing Iran: Culture, Power and the State. Seattle, London: University of Washington Press, 2008.
- Mirsepassi, Ali. Political Islam, Iran, and the Enlightenment. Cambridge: Cambridge University Press, 2011.
- Mojab, Shahrzad, ed. Women of Non-State Nation: The Kurds.

Costa Mesa: Mazda Publishers, 2001.

- Nafisi, Hamid. “Cinema as a Political Instrument.” In Politics of Modern Iran, edited by Ali M. Ansari, 190-207. New York: Routledge, 2011.
- Perry, R. John. “Language Reform in Turkey and Iran.” International Journal of Middle East Studies 17, no. 3 (Aug., 1985): 295-311.
- Rezaei, Saeed, and Ava Bahrami. “Attitudes toward Kurdish in the City of Ilam in Iran.” In The Sociolinguistics of Iran’s Languages at Home and Abroad, edited by Seyed Hadi Mirvahedi. Cham, Switzerland: Palgrave, 2019.
- Sheyholislami, Jaffer. “Kurdish in Iran: A Case of Restricted and Controlled Tolerance.” International Journal of the Sociology of Language, no. 217 (Jan. 2012): 19-47.
- ———. «Language Varieties of the Kurds.” In The Kurds: History - Religion - Language - Politics, edited by Wolfgang Taucher. Austria: Austrian Federal Ministry of the Interio, 2015.
- Sridhar, M., and Sunita Mishra, eds. Language Policy and Education in India: Documents, Contexts and Debates. London: Routledge, 2017.
- Swartz, David. Culture and Power: The Sociology of Pierre Bourdieu. [Culture and Power]. Chicago: University of Chicago, 1997.
- Tavakoli-Targhi, Mohamad. “Historiography and Crafting Irani-

an National Identity." In Iran in the 20th Century: Historiography and Political Culture, edited by Touraj Atabaki. London: I. B. Tauris, 2009.

- Thompson, John B. Ideology and Modern Culture: Critical Social Theory in the Era of Mass Communication UK: Polity Press, 1990.
- Vali, Abbas. The Forgotten Years of Kurdish Nationalism in Iran. Switzerland: Palgrave, 2019.
- ———. Kurds and the State in Iran. London: I. B. Tauris, 2011.
- Vejdani, Farzin. Making History in Iran: Education, Nationalism, and Print Culture. Stanford, California: Stanford University Press, 2014.
- Williams, Raymond. "From Base and Superstructure in Marxist Cultural Theory." In New Historicism and Cultural Materialism: A Reader, edited by Kiernan Ryan. London: Arnold, 1996.
- ———. Problems in Materialism and Culture. London: Verso, 1980.
- Yarshater, Ehsan. Hekmate Tamadoni. [Civilisational Wisdom: Ehsan Yarshater's Selected Works]. Edited by Mohammad Tavakoli-Tarqi. Toronto: Iran Namag, 2016.

**کوردی و فارسی**

**گۆڤارەکان:**

- تعلیم و تربیت (١٣١٧-١٣٠۴)

- آموزش و پرورش (۱۳۱۷-۱۳۵۷)
- آینده (۱۳۰۴-۱۳۵۶)
- بررسی‌های تاریخی (۱۳۴۵-۱۳۵۰)
- بنیاد نیکوکاری (زستانی ۱۳۵۲)
- گوهر (ساڵەکانی دەیەی ۱۳۵۰)
- نشریه ادبیات دانشکده ادبیات تبریز (۱۳۴۰-۱۳۵۷)
- نشریه ادبیات دانشکده ادبیات تهران (۱۳۴۰-۱۳۵۷)
- نشریه ادبیات دانشکده ادبیات مشهد (۱۳۴۰-۱۳۵۷)
- راهنمای کتاب (ساڵەکانی دەیەی ۱۳۴۰ و دەیەی ۱۳۵۰)
- سخن (ساڵەکانی دەیەی ۱۳۴۰ و دەیەی ۱۳۵۰)


### دامەزراوەی حکومەتی:


- کتیبی ساڵانەی ڕێکخراوی بەرنامە و بودجە ساڵی ۱۳۵۲:

Organisation, Plan and Budget. Statistical Yearbook of Iran 1352 [March 1973 - March 1974]. Iran: Statistical Centre of Iran, 1975.


### سەرچاوەکانی دیکە:


- براهنی, رضا. تاریخ مذکر: فرهنگ حاکم و فرهنگ محکوم. تهران: نشر اول, ۱۳۶۳.
- بهرنگی, اسد. مجموعه آثار صمد بهرنگی. تبریز: بهرنگی, ۱۳۸۲.
- ———. نامه‌های صمد بهرنگی. تهران: امیر کبیر, ۱۳۵۷.
- بهرنگی, صمد. قصه‌های بهرنگ. تهران: دنیا, ۱۳۵۹.
- پیشداد, امیر, و همایون کاتوزیان. یادنامه خلیل ملکی. تهران: انتشار, ۱۳۷۰
- ئیلخانی‌زادە, سوارە. تاپۆ و بوومەلێڵ. تهران: پانیذ, ۱۳۷۹.

**وتووێژ:**


- ئەمینی، ڕەحیم، «شۆڕشـــی سپی و کوردســـتان»، وتووێژ لە گەڵ نووسەر، ١٠ جولای ٢٠١٧.
- بیگلەری، یەدێ ، «شۆڕشـــی سپی و کوردســـتان»، وتووێژ لە گەڵ نووسەر، ٦ جولای ٢٠١٧.

ئەم نامیلکەیە سەرچاوەکانی دوانەیی ڕەسمی و مەحەللی لە ئێراندا دەداتە بەر باس و جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە ئەو دوانەییە، پێگەی فەرهەنگ و زمانەکانی دیکە لە ئێراندا دیاری دەکات. لە ژێر پاساوی مێژوویەکی دەوڵەمەندی ئەدەبی کە لە بەر پەیوەندی چڕوپڕی ئەو زمانە لە گەڵ دەسەڵاتدا بەدەست هاتوە، زمانی فارسی بوەتە خاوەن پێگەیەکی هێژمۆنیک لە ژێر ناوی «ڕەسمی» . لە لایەکی دیکەوە، ئەمە و هەروەها پاساوی پێویستیی زمانێکی هاوبەش، زمانەکانی دیکەی لە ژێر ناوی «مەحەللی» پۆلێن کردوە و پێگەیەکی نزمتری پێ داون. ڕەسمی و مەحەللی هەموو بوارەکانی فەرهەنگ لە ئێراندا دەگرێتە بەر و خۆی لە ناخی چەند ڕەوتی جۆربەجۆردا، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە سەری هەڵداوە. بەڵام سەردەمی دوای جەنگی جیهانیی دووهەم لە بەر ئەو ئاڵوگۆڕە مەزنانە لە بوارەکانی ئابووری-کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، فکری و تێکنۆلۆژیکی، گرینگییەکی زۆرتری پێ درا.  دوانەیی ڕەسمی و مەحەللی لەو بەستێنەدا و بە یارمەتی ئامێرەکانی نوێی ڕاگەیاندن، پێگەیەکی هێژمۆنیک وەردەگرێت واتە بیرۆکەکانی دەسەڵات بە مەقبوولکردنی ئەو بیرۆکانە لە ڕێگای فەرهەنگییەوە دەبنە باو. ئەم نامیلکەیە چوونییەتی ئەو ڕەوتە مێژووییانە و ئاکامەکانی لەم بوارەدا باس دەکات.

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
www.govartishk.com